# کەرکوک

## کێبڕکێی هەڵبژاردن و گۆڕانی دیموگرافی

**ئامادەکردنی**

**دامەزراوەی میدیایی درەو**

**چاپی دووەم – بە دەستکارییەوە**

٢٠٢٤

## دامەزراوەی میدیایی درەو

**دامەزراوەیەکی میدیایی ئەهلی ئازادە، پێکدێت لە سایتی درەو، بەشی سازدانی دیبەیت،بەشی ئامارو راپرسی، هاوکات ریکلام و راوێژکاری بواری هەڵبژاردن، ئەم دامەزراوەیە هەوڵێکە بۆ مۆدێلێکی نوێی کاری میدیایی و راگەیاندنی ئەهلی و ئازاد.**

**ئامانجەکانی دامەزراوەکە؛**

1. **بەرجەستەکردنی مۆدیلێکی نوێی کاری میدیایی ئەهلی و سەربەخۆو ئازاد.**
2. **بەرەوپێشبردنی بنەماکانی دیموکراسییەت بە مەبەستی پێشکەشکردنی کاری رۆژنامەوانی بابەتیانە و سەربەخۆ و پیشەیی، لە پێناو دروستکردنی گوتاری عەقڵانی و دۆزینەوەی رایەڵەی هاوبەشیکردنی کار بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیانی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی.**
3. **چاودێریکردنی پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانیی وەک ئەرکێکی بنەمایی دەسەڵاتی میدیا.**

# پێڕست

**پێشەکی**.............................................................7

**بەشی یەکەم: دیمۆگرافیای کەرکوک و پێکهاتەی کورد لە نێو سەرژمێرییە گشتییەکا** ..9

**بەشی دووەم :کەرکوک لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا** ....................................31

یەکەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ساڵی 2005 .............34

دووەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق لە ساڵی 2005.........45

سێیەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2005......48

چوارەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی 2010 ............50

پێنجەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2014.....53

شەشەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2018.....55

حەوتەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2021 ....60

**بەشی سێیەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ساڵی** 2023.................75

یەکەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق..................................75

دووەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە ساڵی 2023 ................92

**لیستی سەچاوەکان**.............................................................114

**هاوپێچ** .............................................................119

## پێشەکی

کەرکوک یەکێکە لە شارە دێرینەکان و بە درێژایی مێژوو جێگەی بایەخی دەسەڵاتدارنی سەردەمە جیاوازەکانی ناوچەکە بووە، چ لە ناوخۆی ئەو سنورە سیاسییەی کە بۆ سەدەیەک دەبێت بە عێراق ناودەبرێت، چ بۆ هێز و وڵاتانی هەرێمی و تەنانەت بەیاخەکەی درێژ دەبێتەوە بۆ سەر ئاستی وڵاتانی نێودەوڵەتیش، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە کەرکوک تەنها وەک خاک لە رووی سیاسی و ستراتیجییەوە گرنگ نەبووە بۆ دەسەڵاتداران، بەڵکو ئەو یەدەگە نەوتەی لە ژێر خاکی ئەم سنورە جوگرافییەدایە، لە مێژە شارەکەی خستووەتە سەر نەخشەی وزەی جیهان و زۆر جاریش بووەتە هۆی ئەوەی وڵاتانی دەرەکی چاوی تەماعی تێببڕن.

بۆیە بەردەوام بایەخە جوگرافی، ستراتیجی و ئابورییەکەی کەرکوک، بووە بە سەرچاوەی ناسەقامگیری بۆ دانیشتوانە رەسەنەکەی، هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی نوێ لە عێراقدا بووە بە سەرەرەتایەکی تازە بۆ دەستپێکردنی نەهامەتی نوێ، سەرچاوە مێژووی و بەڵگەنامە سیاسی و یاساییەکان، نوسین و لێکۆڵینەوە رۆژئاوایی و تەنانەت دۆکیۆمێنتی زلهێزە رۆژهەڵاتییەکانیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە لە یەک سەدەی رابردوودا، دانیشتووانی رەسەنی سنوری شارەکە لە بەردەم گۆڕینی ناسنامە، پەراوێز خستن، ڕاگواستن، لەت و پەتکردنی سنوری ئیدارین و تا سەری لە گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکەوە دەرهێناوە.

لە دوای ساڵی (2023)ەوە پارێزگاکە وەک بەشێک لە ناوچە جێناکۆکەکان لە چوارچێوەی ئەو دەقە دەستورییەی کە لە ماددەی (140) جێگەی کراوەتەوە، نەتوانراوە ناسنامەی شارەکە بگەڕێنرێتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی.

دوای تێپەڕینی (18) ساڵ بەسەر یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، جارێکی دیکە هاوشان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژاردن لەو شارە بەڕێوەچوو.

لەم پەرتوکەدا بە خێرایی گوزەرێک بەو ئامار و سەرژمێریانەدا دەکەین کە بۆ پێکهاتەکانی دانیشتووانی سنوری ئیداری شارەکە ئەنجامدراون، کاریگەری هەوڵی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بەدیاردەخەین بۆ شێواندنی دیمۆگرافیای شارەکە.

هاوکات تیشک دەخەینە سەر ئەو هەڵبژاردنە گشتییانەی لە دوای ساڵی (2003)ەوە لەو پارێزگایە ئەنجامدراون، بە ورتریش لەسەر دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە چوارچێوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ڕادەوستین و دەنگ و پێگەی لایەن و پێکهاتەکان بە داتا و ئامار روندەکەینەوە.

## بەشی یەکەم

## دیمۆگرافیای کەرکوک و پێکهاتەی کورد لە نێو سەرژمێرییە گشتییەکاندا

بەڵگە نامە مێژووییەکان ئەو ئامارانە دەخەنە روو، کە کورد زۆرینەوی دانیشتوانی کەرکوک پێکدەهێنێت، بەشێک لەو بەڵگانە؛

لە بەرگی شەشەمی گۆڤاری قەفقاس، سەر بە کۆمەڵەی جوگرافی پاشایەتی روسیدا هاتووە، بەپێی زانیارییەکانی (چێرنیک) کە ئەندازیارێکی روسی بووە و لە چوارچێوەی گەشتێکی زانستیدا سەردانی ناوچەکەی کردووە لە ساڵانی نێوان (1872 – 1873) زاینی، مەزەندی دانیشتوانی کەرکوکی کردووە بە (12 – 15 هەزار) کەس، ئاماژەی بەوەش کردووە کە جگە لە (40) خێزانی ئەرمەنی نەبێت، تەواوی دانیشتوانی کەرکوک کوردن.

رێژەی دانیشتوانی کەرکوک بەپێی قاموسی ئیعلامی عوسمانی (شمس الدين سامی، قاموس الاعلام العثماني 1315هـ 1898م اسطنبول) ئاماژە بەوە دەدات کە ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک (30 هەزار) کەسە، 4/3ی ئەو ژمارەیەش لە دانیشتوانی کەرکوک لە پێکهاتەی نەتەوەی کوردن، واتە (22 هەزار و 500) کەسی بە رێژەی (75%)، ئەوەی دەمێنێتەوە لە پێکهاتەکانی تورک و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەن، هەروەها ئاماژەش بەوە دراوە کە (750) کەس لە دانیشتوانی جولەکەو (460) کەسیش لە نەتەوەی ئەرمەن لەنێو ئەو ژمارەیەدایە.

هاوکات بە پێی راپۆرتی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی 1919 کورد لە پارێزگای کەرکوک لە (52%) بووە، لە راپۆرتی بەریتانی لە ساڵی 1921 کورد لە کەرکوک (49%) بووەو لە راپۆرتی کۆمەڵەی گەلاندا (عصبة الامم) کورد (42%)ی کەرکوکی پێکهێناوە.

بەپێی ئامارێکی بەریتانیەکان کە لەساڵی 1918 تاساڵی 1925 خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەهابوون لە کوردستان، لە ئامارێکدا پێکهاتەی نەتەوەیی کەرکوکیان لەساڵی 1921 بەمشێوەیە تۆمارکردووە "کورد (75 هەزار) کەس، تورکمان (35 هەزار) کەس، عەرەب (10 هەزار) کەس".

هاوکات بەپێی ئامارێکی ساڵی (1921) کە لە چوارچێوەی کێشەی "موسڵ"دا روپێویەکی گشتی ئەنجام دراوەو بەپێی روپێوییەکە کورد زۆرینەی دانیشتوانی پێکهێنانەوە، بەو جۆرەی لە خشتەی ژمارە (1) دا رونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (1)

ژمارەو رێژەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کەرکوک لە 1921

| نەتەوەکان، کەمینە نەژادی و ئاینییەکان | ژمارەی دانیشتوان | رێژە |
|---|---|---|
| کورد | 47,500 | 42.5% |
| عەرەب | 35,650 | 31.9% |
| تورکمان | 26,100 | 23.4% |
| کلدۆئاشوری | 2,400 | 2.1% |
| **کۆی گشتی** | **111,650** | **100%** |

بەڵام بەپێی راپۆرتی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی 1924 کورد لە لیوای کەرکوک (45%) بووە، عەرەب (35%) و تورکمان (18%) و پێکهاتەکانی تر (1%).

لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرنی عێراقەوە لە ساڵی (1921)و تا ئێستا، هەشت سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە عێراقدا ئەنجام دراوە؛ ئەوانیش لە ساڵانی (1927، 1934، 1947، 1957، 1965، 1977، 1987، 1997). بەڵام دوو سەرژمێری یەکەمی دانیشتوان لە عێراقدا لە ڕووی کۆکردنەوەو خشتەی داتاکانەوە مەرجی ئاماری زانستییان تێدا نەبووە. ئەمەش وایکردوە حکومەتی عێراق ئەنجامەکانیان هەڵبوەشێنێتەوە.

یەکەم سەرژمێری گشتگیری دانیشتوانیش، کە کەمترین مەرجە ئامارییە قبوڵکراوەکان و ستاندارده زانستییە مۆدێرنەکانی تێدابوو (سەرژمێری 19ی تشرینی یەکەمی 1947) بووە.

وەک ئاماژمان پێدا حکومەتی عێراق ئەنجامەکانی (یەکەم و دووەم) سەرژمێری گشتی هەڵوەشاندوە. بۆیە ئاماژەدان بە یەکەم سەرژمێری پەسەندکراوی دانیشتوانی گشتی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1947) و ئەو سەرژمێرییەش ئەوە دەردەخات، کە کۆی ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکوک (286 هەزار و 5) کەس بووە بە ڕێژەی (5.9%)ی کۆی دانیشتوانی وڵات، دابەشبوون بەسەر لیواو قەزاکاندا، وەک لە خشتەی ژمارە (2) دا ئاماژەی پێکراوە. بەپێی ئاماری سەرژمێری ساڵی (1947)ی دەوڵەتی عێراق ڕێژەی کورد لە لیوای کەرکوک (53%) دانیشتونی پێکهێناوە.

**خشتەی ژمارە (2)**

**ژمارەی دانیشتوانی قەزاکانی لیوای کەرکوک بەپێی سەرژمێری 1947**

| قەزا | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|
| قەزای کەرکوک | 72,560 | 75,246 | 147,806 |
| قەزای کفری | 20,848 | 28,511 | 49,359 |
| قەزای چەمچەماڵ | 13,053 | 16,758 | 29,811 |
| قەزای داقوق | 22,904 | 36,125 | 59,029 |
| **کۆی گشتی** | **129,365** | **156,640** | **286,005** |

**وەک لە خشتەی (2)دا هاتووە دەتوانین تێبینی بکەین، کە ژمارەی ڕەگەزی مێ لە ژمارەی ڕەگەزی نێر زیاترە لە هەموو قەزاکانی لیواکەدا، ئەم ناهاوسەنگییە لە نێوان ڕەگەزەکاندا دەرخەری بڵاوبوونەوەی دیاردەی خۆدزینەوە بووە لە ناو تۆمارکردن، لە سەرژمێری لای پیاوان بە مەبەستی دوورکەوتنەوەو خۆدزینەوە لە خزمەتی سەربازی.**

**لە ماوەی (10) ساڵی نێوان سەرژمێری ساڵی (1947 بۆ 1957) لیوای کەرکوک گەشەکردنێکی بەرچاوی لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە**

بەخۆوە بینیوەو کۆی گشتی دانیشتوانەکەی گەیشتووە بە (388 هەزار و 839) کەس و ڕێژەی زیادکردنەکە (36%)ی تۆمار کردووە. خشتەی ژمارە (3) وێنەیەکی دابەشبونی دانیشتووانی لیواو قەزاکانی کەرکوکی رونکردووەتەوە بەپێی داتاکانی سەرژمێری ساڵی (1957).

**خشتەی ژمارە (3)**

**ژمارەی دانیشتوانی قەزاکانی لیوای کەرکوک بەپێی سەرژمێری 1957**

| قەزا | نێر | مێ | کۆ |
|---|---|---|---|
| قەزای کەرکوک | 113,494 | 108,357 | 221,851 |
| قەزای کفری | 32,831 | 31,304 | 64,135 |
| قەزای چەچەماڵ | 17,412 | 16,887 | 34,299 |
| قەزای دوزخورماتوو | 34,375 | 34,179 | 68,554 |
| **کۆی گشتی** | **198,112** | **190,727** | **388,839** |

کاتێک بەوردی لەم ئامارانە دەڕوانین، بە ڕوونی دابەزینی ناهاوسەنگی ئاشکرای نێوان نێر و مێ لە کۆی دانیشتوانی (لیوای کەرکوک)دا دەبینین، بە بەراورد بەوەی کە لە داتا ئامارییەکانی سەرژمێری ساڵی

(1947)دا ئاشكرا بووە. ئەم جۆرە لە هاوسەنگبوونەوەی ڕێژەی نێوان نێر و مێ بەهۆی دوو خاڵی سەرەکییەوەیە، ئەوانیش: لە نێویاندا زیادبوونی هۆشیاری و گرنگی سەرژمێری لە نێو دانیشتواندا، جا لەبەر ئەوەی حکومەت پرۆسەیەکی هۆشیارکردنەوەی لەنێوانیاندا ئەنجامدا، پێش دەستپێکردنی روپێوییەکە، هەروەها بەهۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی خوێندەواری لە وڵاتدا لە ماوەی نێوان هەردوو سەرژمێرییەکەدا.

بۆ نمونە لە نێوان ساڵی (1950 – 1951) تا ساڵی (1960 – 1961) ژمارەی مەزەندەکراوی خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی لە عێراقدا نزیکەی شەش جار زیادی کردووە، لە (22 هەزار و 706) خوێندکارەوە گەیشتووە بە (135 هەزار و 986) خوێندکار، ئەمەش زیادبوونێکی چەند هێندەیە.

هاوکات جگە لە کەڵەکەکردنی توانا و ئەزمونی حکومەت لە بواری ڕووپێوی و ئاماریدا. ئەمەش وایکردوە کە بتوانێت روپێوییەکی وردتر ئەنجام بدات، هەروەها کۆمەڵێک ڕێوشوێن گیراوەتەبەر بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە روپێوییەکە هەموو دانیشتووانی لەخۆگرتووە، وەک سەپاندنی قەدەغەی هاتوچۆ لەو ڕۆژەی کە ئەنجامدراوە؛ کە وایکردوە ئاسان نەبێت پیاوان بتوانن خۆیان لە فەرمانبەرانی سەرژمێرییەکە بدزنەوە بۆ ئەوەی نەخرێنە ناو تۆمارەکەوە.

سەبارەت بە ئەنجامی سەرژمێرییەکەی ساڵی (1957) زانیاری وردی لەسەر پێکهاتەی ئایینی و زمانەوانی دانیشتووان پێشکەش کرد. لە کاتێکدا کورد زمان گەورەترین پێکهاتەو گروپی ژمارەیی لیوای کەرکوک بوون بەبێ ئەوەی زۆرینەی ڕەها بن، کورد لە ناوەندی لیوای کەرکوک و سەرجەم قەزاکانی سنوری لیواکە پێکەوە زۆرینە بووە و ژمارەکەی

گەیشتووە بە (187 هەزار و 593) کەس و ڕێژەی (48%)ی تەواوی سنوری لیواکەی پێکهێناوە، بڕوانە خشتەی ژمارە (4).

خشتەی ژمارە (4)

ژمارەی دانیشتوانی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی لیواو قەزاکانی کەرکوک بەپێی سەرژمێری 1957

| پێکهاتەکان | شاری کەرکوک | تەوای ناوچەکەکانی دیکەی لیوای کەرکوک | کۆ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| عەرەب | 27,127 | 82,493 | 109,620 | 28% |
| کورد | 40,047 | 147,546 | 187,593 | 48% |
| تورکمان | 45,306 | 38,065 | 83,371 | 21% |
| کلدۆئاشوری | 1,509 | 96 | 1,605 | 0% |
| زمانەکانی دیکە | 6,413 | 237 | 6,650 | 2% |
| **کۆی گشتی** | **120,402** | **268,437** | **388,839** | **100%** |

بەو پێیەی عێراق بە شێوەی خولی (10) ساڵ جارێک سەرژمێرییەکی گشتیی دانیشتوان ئەنجام دەدات، بڕیار بوو سەرژمێری داهاتوو لە ساڵی 1967 ئەنجام بدرێت، بەڵام دەسەڵاتداران لە ساڵی 1964دا بڕیارێکی کتوپڕیاندا بۆ نزیککردنەوەی بەروارەکە بۆ ساڵی 1965 بە بیانووی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

هەرچەندە دەسەڵاتداران هەوڵێکی زۆریاندا بۆ سەرخستنی سەرژمێرییەکە، بەڵام ئەنجامەکانی باوەڕپێکراو نەبوون. ئەمەش بەهۆی ئەو هۆکار و پاڵنەرە سیاسیانەی لە پشت ئەو پرۆسەیەوە بون کە لەو ماوەیەدا بەڕێوەدەچوو. جگە لەوەش ئەنجامی سەرژمێرییەکەیان بڵاونەکردەوە. بۆیە دەستکەوتنی زانیاری داتاکانی ئەو سەرژمێرییە ئەستەم بوو. هەرچییەک بێت، ڕێژەی گروپە نەتەوەییەکان لە کەرکوک لەم سەرژمێرییە، بەپێی ئەوەی توێژەری کورد "مەسعوود داراخان" باسی کردووە، بەم شێوەیە بووە: عەرەب (39%)، کورد (36.1%)، تورکمان (19.5%) و کلدانی ئاشووری (5.4%).

ئەم ئامارانە بەروونی زیادبوونی بەرچاوی ڕێژەی عەرەب و کلدۆ–ئاشووری نیشان دەدەن، لەگەڵ کەمبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی کورد و تورکمان، بەراورد بە ئەنجامی سەرژمێری ساڵی 1957. لە یەکەم تێڕوانیندا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەم زیادبوونە نائاساییە لانیکەم بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەیی عەرەب بۆ بەشدارییەکی بەرفراوان لە سەرژمێرییەکەدا، بە پێچەوانەی دوودڵی و ڕاڕایی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان بەهۆی یاخیبوونی چەکداری کورد یان نەبوونی سەقامگیری لە ناوچە زۆرینە کوردنشینەکانی لیوای کەرکوک. لە بەرامبەردا بەشدارییەکی چڕی نەتەوەی عەرەب لە ناوچە عەرەب نیشنەکان، بەهۆی بوونی ئینتماییەکی بەهێز کە بۆ حکومەتی ئەوکاتی

عێراق هەیانبوو، ئەمەش لەبەرئەوەی کە سەرۆک خێڵ (شیخ العشیرة)کان و نەوەی هۆزە عەرەبییە جۆراوجۆرەکانی کەرکوک لە نێو ئەو پێکهاتە چەکدارانەی کە شانبەشانی هێزەکانی حکومەت شەڕیان کردووە، کە بە شۆڕشگێڕانی ئەلوەلید "فرسان الولید" ناسرابون. سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕاستییەش دەردەخات کە ئەم زیادبوونە بەرچاوە لە ماوەیەکی کورتدا واتە (8) ساڵ، بە ئەگەرێکی زۆرەوە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهۆی شەپۆلەکانی کۆچی ناوخۆییەوە بووە.

لە ساڵی (1977) حکومەتی عێراق سەرژمێرییەکی گشتی دانیشتوانی ئەنجامدا و هەوڵیدا لەو روپێویەدا نیشاندەری ئاماری ورد پێشکەش بکات. لەم قۆناغەدا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک لە چوارچێوەی ئەم سەرژمێرییە گشتگیرەدا (492 هەزار و 615) کەس بووە. پێکهاتە نەتەوەیی و زمانەوانی و ئاینییەکانیش تێیدا بەو شێوەیە بووە کە لە خشتەی ژمارە (5)دا رونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (5)**

**پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک بەپێی سەرژمێری 1977**

| پێکهاتە | نێر | مێ | کۆ | ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوک |
|---|---|---|---|---|
| عەرەب | 131,127 | 87,628 | 218,755 | 44.41% |
| کورد | 89,998 | 94,877 | 184,875 | 37.53% |
| کوردی فەیلی | 196 | 192 | 388 | 0.08% |
| تورکمان | 40,696 | 39,651 | 80,347 | 16.31% |
| ئارامی | 2,142 | 1,908 | 4,050 | 0.82% |
| ئەرمەنی | 287 | 294 | 581 | 0.12% |
| زمانەکانی دیکە | 1,704 | 1,925 | 3,629 | 0.74% |
| **کۆی گشتی** | **266,150** | **226,475** | **492,625** | **100%** |

ئەم ڕێژانە ئاماژەن بۆ بەردەوامبوونی هەڵکشانی ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لە کەرکوک، لە کاتێکدا ڕێژەی دوو پێکهاتە سەرەکییەکەی تری نەتەوەی کورد و تورکمان بە نزیکەیی وەک خۆی دەمێنێتەوە بە بەراورد بە سەرژمێری ساڵی 1965. ئەم زیادبوونەی ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب ناتوانرێت داببڕێندرێت لەو هەوڵ و ڕێوشوێنانەی ڕژێمی پێشووی عێراق پەیڕەوی لێکرد، کە لە ئەنجامدا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە پێکهاتەی دیمۆگرافیای نەتەوەیی لە پارێزگاکەدا بەدوای خۆیدا هێنا. ڕەنگە دیارترینی ئەو ڕێوشوێنانە جیاکردنەوەی ژمارەیەک قەزا بێت لە کەرکوک و لکاندنیان بە پارێزگاکانی دیکەی دراوسێ، وەک لە نەخشەی ژمارە (1)دا رونکراوەتەوە؛


بە بڕیاری 608 کۆماری کە لە 6ی تشرینی دووەمی 1976 دەرچوو، هەر سێ قەزای، چەمچەماڵ و کەلار کفری دابڕێندران لەکەرکوک، بەجۆێک؛

1. دابڕینی قەزای کفری بە هەردوو ناحیەکەیەوە لە کەرکوک و لکاندنی بە پارێزگای دیالەوە.
2. دابڕینی کەلار و بەستنەوەی بە پارێزگای سلێمانییەوە، نەک بە پارێزگای سەلاحەددین و دیالەوە، بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە قەزاکە لە تکریت و بەعقوبەوە دوورە.
3. دابڕینی قەزای چەمچەماڵ بە هەردوو ناحیەی ئاغجەلەر و سەنگاوەوە لە کەرکوک و بەستنەوەی بە پارێزگای سلێمانییەوە.
4. ،دوای جێبەجێکردنی بڕیاری 608ی کۆماری دیموگرافیای کەرکوک بەم شێوەیەی لێ هات کە پێکهات بوو لە شاری کەرکوک و قەزای دوبز و حەویجە و دووزخورماتوو. دواتریش بەپێی بڕیاری کۆماری ژمارە 41 کە لە 21 حوزەیرانی 1976

دەرچووە بڕیاردرا بە دابڕینی قەزای دوزخورماتوو، بە هەر چوار ناحیەکەی قادر کەرەم، نەوجول، سلێمان بەگ و ئامرلییەوە لە کەرکوک و بەستنەوەیان بە پارێزگای سەلاحەدینەوە.

نەخشەی ژمار (1)

نەخشەی ئیداری پارێزگای کەرکوک 1976



بەڵام بەڵگە هەیە کە هەموارکردنەوەی سنوورەکانی پارێزگاکە بە تەنیا بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم زیادبوونەی ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لە کەرکوک. ئەو ناهاوسەنگییە ئاشکرایەی ڕەگەزی کە تێیدا زۆرینەیەکی بەرچاو رەگەزی نێر بەراورد بە رەگەزی مێ نیشان دەدات، وەک لە خشتەی (5) دا دیارە، وامان لێدەکات پێمان وابێت ئەو ڕێوشوێنانەی کە حکومەتی بەعس بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی عەرەب لە دامەزراوە حکومییەکان لە بوارەکانی؛ پەروەردەیی، تەندروستی، فەرمانگەکانی دیکەی کەرکوک، یان بۆ گواستنەوەیان لە کەرکوکەوە بۆ ناوچەکانی تر، بەشدارییان کردووە لەم زیادبوونەی ڕێژەی پێکاتەی عەرەب.

چونکە هاوشان بە هەڵوەشاندنەوەی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوک، رژێمە یەک لەداوی یەکەکانی عێراق بەتایبەتیش رژێمی بەعس بەبەرنامەو پلان زۆرترین هاوڵاتی عەرەبی لەناوچەکەدا نیشتەجێکردووە، کە لە کاسێتێکی تۆمارکراودا عەلی حەسەن مەجید بەرپرسی نوسینکەی باکوری حیزبی بەعس ئاماژە بەوە دەکات کە ریژەی تورکمان و عەرەب لە کەرکوک لە 51% زیاتر نەبوون بەڵام دوای ئەوەی (60 ملیۆن دیناری سویسری) واتا (180 ملیۆن دۆلاری ئەوکات) خەرجکردووە بەمەبەستی تەعریبکردنی کەرکوک کەچی هێشتا رێژەی عەرەب و تورکمان پێکەوە نەگەیشتونەتە ( 60%)ی دانیشتوانی ئەو شارە.

بەپێی ئامارە رەسمیەکانی حکومەتی عێراق لە ماوەی نێوان ساڵانی 1981 بۆ 2002 زیاتر لە (40 هەزار و 512) خێزانی عەرەب هێنراون بۆ کەرکوک و کە زیاتر لە (208 هەزار و 750) هاوڵاتی عەرەب دەکات. سەربارى ڕاگواستنی بەشێکی زۆری خێزانە کوردەکان بۆ ناوچە

عەرەبنشین و کوردنشینەکانی دەرەوەی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوک. ئامارەکان ئاماژە بە نزیکەی (100 هەزار) کەس دەکەن لەسەرجەم پێکهاتەکانی کەرکوک جگە لە پێکهاتەی عەرەب راگوێزراون.

سەرژمێری ساڵی 1977 دوا روپێوی دانیشتوانی عێراق بوو کە زانیاری ورد لەسەر ئینتیمای نەتەوەیی، ئایینی، یان زمانەوانی دانیشتوانی عێراق ئەنجام درا.

داتاکانی هەردوو سەرژمێری گشتی دانیشتوان کە لە ساڵانی 1987 و 1997 ئەنجامدراون زانیارییان سەبارەت بە پێکهاتەی دانیشتوانی عێراق داوە، لەڕووی تایبەتمەندی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە وەک: ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، و دابەشبوونی شوێن لە نێوان ناوچە گوندنشینەکان و شارەکاندا. ئەم دوو سەرژمێرییە بەهۆی چەندین کەموکوڕیەوە بووە هۆی ئەوەی وردبینی و گشتگیری ئەنجامەکانیان بخرێتە بەر تەحەدا. لە کاتێکدا بەشێک لەو کەموکوڕیانە لە ئەنجامی شەڕی ئێران و شەڕی کوێت و ڕاپەڕینی 1991 و ئەو کۆچکردنە زۆرەملێیەی کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لەو ماوەیەدا بە تایبەتی لە باکوری عێراق (هەرێمی کوردستان) بەدوای خۆیدا هێنا، بەشێکی دیکەیان لە ئەنجامی مەرجەکانی ئەو گەمارۆ نێودەوڵەتییەی کە بەسەر عێراقدا سەپێندرابوو، بەتایبەت دوای لەشکرکێشی بۆ سەر کوێت لە ساڵی 1990 و نەبوونی سەقامگیری ناوخۆیی و لە زۆربەی ناوچەکانی وڵات و نەتوانینی هەستن بە ئەنجامدانی سەرژمێری. سێ پارێزگاکەی باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان)، کەوتە دەرەوەی کۆنترۆڵی ڕژێمی بەعس، لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991.

تا ئێستا سەرژمێری ساڵی 1997، کۆتا سەرژمێرییەکانی دانیشتوانی عێراق بووە. ناسەقامگیری ئەمنی و نەبوونی کۆدەنگی سیاسی لە وڵاتدا

لەدوای ساڵی (2003)ەوە بووەتە هۆی ئەوەی سەرژمێرییەکی گشتگیری دانیشتوان ئەنجام نەدرێت.

هەرچۆنێک بێت، خشتەی (6) ژمارەی دانیشتووانی کەرکوک نیشان دەدات، بەگوێرەی شێوازی دابەشبوونیان بەپێی ژینگە (واتە شار و لادێ)، بەپێی سەرژمێری ساڵانی 1987 و 1997 و خەمڵاندنەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق و دەزگای ئاماری ناوەندی بۆ ساڵانی 2007 و 2009.

خشتەی ژمارە (6)

دانیشتوانی کەرکوک و پێکهاتەی (شار-دێهات)نشینەکان بەپێی سەرژمێرییەکانی ساڵی 1987 و 1997 و خەمڵاندنی ساڵی 2007 و 2009

| سەرژمێری یان خەملاندن | شارنشین | لادێنشین | کۆ | رێژەی دانیشتوان عێراق |
|---|---|---|---|---|
| **1987** | 442,694 | 157,981 | 600,675 | 3.68% |
| **1997** | 530,926 | 222,245 | 753,171 | 3.42% |
| **2007** | 623,548 | 278,471 | 902,019 | 3.04% |
| **2009** | 950,140 | 375,713 | 1,325,853 | 4.19% |

ڕەنگە یەکەم شت کە لە خشتەی (6)دا دەیبینین، کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوک بێت لە کۆی دانیشتوانی عێراق لە نێوان ساڵانی 1987 بۆ 2007. لە بەرانبەردا هەڵکاشانی گەورەی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک لە ساڵی 2007 بۆ 2009، ئەگەر بکۆڵینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کۆی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە ساڵانی 2007 و 2009، بەو پێیەی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە ماوەی دوو ساڵدا بە (423 هەزار و 834) کەس زیادی کردووە، واتە بە ڕێژەی نزیکەی (47%). بەڵگەی ئەم زیادبوونە گەورەیەی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە پاڵپشت بە کۆبۆنی بەشەخۆراکی ساڵی 2009.

بەپێی دەزگای ناوەندی ئامار و تەکنەلۆجیای زانیاری سەر بە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاری گەشەپێدانی عێراق، ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک بۆ ساڵی 2009 بەپێی پێشبینییەکانی دانیشتووان و پشتبەستن بە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بەپێی سەرژمێری ساڵی 1997 دەبوو بگاتە (930 هەزار و 471) کەس، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بەپێی کۆبۆنی بەشەخۆراک گەیشتە (ملیۆنێک و 290 هەزار و 72) کەس، واتە جیاوازی (359 هەزار و 601) کەس بە ڕێژەی (38.6%). زیادبوونی سروشتی ژمارەی دانیشتووان ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک ئەم جیاوازییە گەورەیە ڕوون بکاتەوە؛ جگە لەوەی ئاماژەیە بۆ لێشاوی دانیشتووان، کە لە ئەنجامی کۆچی ناوخۆییەوە دروست بووە بۆ ناو پارێزگای کەرکوک.

جگە لە سەرژمێری گشتی دانیشتوانی عێراق، بەڵگەنامە فەرمییەکانی عێراق لە دوای سەرژمێری ساڵی 1977 خەمڵاندن بۆ دابەشبوونی نەتەوەیی دانیشتوانی کەرکوک لە خۆدەگرێت. "عەلی غالب بابان – وەزیری پلاندانان و هاوکاری گەشەپێدان" لە نامەیەکدا کە لە 3ی

تشرینی یەکەمی 2006 بۆ "وەزیری دادی عێراق – هاشم ئەلشیبلی" ناردووە، دابەشبوونی پێکهاتە نەتەوەییەکانی لە پارێزگاکەدا لە ساڵی 1997دا خەمڵاندووە وەک لە خشتەی ژمارە (7)دا دیارە.

خشتەی ژمارە (7)

ژمارەی دانیشتوانی پێکهاتەکانی پارێزگای کەرکوک بەپێی خەمڵاندنی 1997

| پێکهاتە | کۆی کشتی | ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوک |
|---|---|---|
| عەرەب | 544,596 | 72.35% |
| کورد | 155,861 | 20.71% |
| کوردی فەیلی | 1,108 | 0.15% |
| تورکمان | 50,099 | 6.66% |
| ئەرمەنی | 116 | 0.02% |
| ئاشوری | 758 | 0.10% |
| ئەوانی دیکە | 207 | 0.03% |
| **کۆی گشتی** | **752,745** | **100%** |

ئەگەر پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی کەرکوک لە ساڵی 1997 لەگەڵ داتاکانی ساڵی 1977 بەراورد بکەین، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە گۆڕانکاریی دیمۆگرافی بەرچاو و نائاسایی لە پارێزگاکەدا ڕوویداوە. بەتایبەت دابەزینی بەرچاوی قەبارەی ژمارەیی بەشێک لە پێکهاتەکان. بۆ نموونە دەبینین کە ژمارەی دانیشتوانی مەسیحی، کلدۆ–ئاشووری و ئەرمەنی، لە کۆی ژمارەی (4 هەزار و 631) کەسەوە بۆ (874) کەس لە نێوان ساڵانی 1977 بۆ 1997، واتە (80%) کەمیکردووە. هەر لەو ماوەیەدا ژمارەی دانیشتوانی تورکمان نزیکەی (38%) کەمی کردووەو لە (80 هەزار و 347) کەسەوە بۆ (50 هەزار و 99) کەس، هاوکات کۆی ژمارەی کورد و کوردی فەیلی بە یەکەوە نزیکەی (15%) کەمی کردووە لە (185 هەزار و 263) کەسەوە بۆ (156 هەزار و 969) کەس. لەبەرامبەردا ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لە کەرکوک لە هەمان قۆناغدا هەڵکشانێکی پێوانەیی بەخۆیەوە بینیوە. بەجۆرێک لە (218 هەزار و 755) کەسەوە بۆ (544 هەزار و 596) کەس زیادی کردووە، بە زیاتر لە دوو هێندە.

گومانی تێدا نییە ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی کە لەو ماوەیەدا لە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی کەرکوکدا ڕوویانداوە، تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان بەو ڕێوشوێنانەی حکومەتی عێراقەوە هەیە گرتووەتەبەر، وەک ڕاگواستنی زۆرەملێ و سیاسەتەکانی "ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی" بۆ فشارخستنە سەر پێکهاتە ناعەرەبەکان بۆ گۆڕینی پەیوەندییە نەتەوەیی یان نەتەوەییەکانیان، هەروەها شەپۆلەکانی کۆچی ناوخۆیی و دەرەکی کە لە ئەنجامی نەبوونی سەقامگیری ئەمنی و سیاسی و سیاسەتی سەرکوتگەرانە دروست بووە.

هەرچۆنێک بێت تا ئێستا سەرژمێری ساڵی 1997، کۆتا سەرژمێرییەکانی دانیشتوانی عێراق بووە. ناسەقامگیری ئەمنی و نەبوونی کۆدەنگی سیاسی لە وڵاتدا لەدوای ساڵی (2003)ەوە بووەتە هۆی ئەوەی سەرژمێرییەکی گشتگیری دانیشتوان ئەنجام نەدرێت.

دوای روخاندنی رژێمی بەعس لە ساڵی (2003)، پرسی گەڕانەوەی بەشێک لەخاکی کوردستان بوو بە پرسی گەرمی ئەو سەردەمە لەنێوان دەسەڵاتی نوێی بەغدا و دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەجۆرێک کە پرسەکە رەهەندی سیاسی و یاسایی پێ بەخشراو لەرێی دەستوری نوێی عێراقەوە لەژێر ناوی ناوچە جێناکۆکەکان جێگەی کرایەوە.
ناوچە جێناکۆکەکان ئەو ناوچانەن کە بەپێی ماددەی 140ی دەستووری عێراق دیاریکراون، ئەم ناوچانە کێشەی سەرەکی هەرێم و ناوەند بوون، لەپێناو چارەسەری یاسایی ئەم پرسەشدا لەماددەی (140)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە:
**یەکەم:** دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی ماددەی (58) لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو بڕگەکانییەوە.
**دووەم:** ئەو بەرپرسیارێتییەی لەسەر شانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنە لە حکومەتی ئینتیقالیدا کە لە ماددەی (58) لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە ئاماژەی پێکراوە، بەردەوام دەبێت و دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی هەڵبژێردراو بەگوێرەی ئەم دەستورە بۆ ئەوەی بەتەواوی جێبەجێ بکرێت، (ئاساییکردنەوە، سەرژمێری، لە کۆتایدا ئەنجامدانی ڕاپرسی لە کەرکوک و ناوچەکانی تر کە ناکۆکیان لەسەرە بۆ دیاریکردنی ویستی هاوڵاتیان) لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە لە مانگی 2007/12 تێپەڕ نەکات، بەڵام ئەم دۆخە تا ئێستا وەک خۆی ماوەتەوە.

لەدوای ڕوخانی بەعسیشەوە ئەم ناوچانە کە کێشەی سەرەکی هەرێم و ناوەند بوون، بەتایبەتی لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق و دووبارە پێکهێنانەوەی سیستەمی سیاسی لەعێراق لە ساڵی 2003دا. لەو کاتدا کورد هەندێک ناوچەی هێنایەوە سەر هەرێمی کوردستان. لەپاڵ سێ پارێزگا سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستاندا، کورد دەستی گرتەوە بەسەر هەندێک بەشی پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکووک و دیالە، لەهەمان کاتدا، حکومەتی عێراقیش دەستی بەسەر هەندێک ناوچەی تری هەمان ئەو سێ پارێزگایەدا هەیە، کە بەهەمان شێوە ناوچەی جێناکۆک بوون.
بەڵام لەگەڵ هاتنی داعش بۆ ئەم ناوچانە هێزی پێشمەرگە توانی لە 2014/6/10 تا 2016/10/17 کۆی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکات کە بە ناوچەی کودستانی دێنە هەژمار، بەڵام لەداوی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەی 2017/9/25، دوای تەنها 21 ڕۆژ لەو بەروارە، واتە لە 2017/10/16 و لەماوەیەکی کورتدا سوپا و حەشدی شەعبی تەواوی ناوچە جێناکۆکەکانی کۆنترۆڵکردەوە، کە 51%ی کۆی خاکی باشوری کوردستان پێکدەهێنێت و لە 10ی حوزەیرانی 2014 ەوە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدابوون.
بۆیە ژمارە و داتای بەردەست سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوان و قەبارەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان نەک لە پارێزگای کەرکوک، بەڵکو لە عێراقی دوای (2003) هیچ نییە جگە لە خەمڵاندنەکان کە لەلایەن دەزگاو دامەزراوە فەرمییەکانەوە پێشکەش دەکرێن.

بەپێی دواین ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانان، دەزگای ناوەندی ئامار، ژمارەی دانشتوانی پارێزگای کەرکوک بەپێی دابەشبوونی ڕەگەزی و ژینگەی نیشتەجێبوون بۆ ساڵی (2021) بە (ملیۆنێک و 683 هەزار و 46) کەس خەمڵێندراوە. وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (8)دا رونکراوەتەوە. لەو ژمارەیەش (936 هەزارو 354) کەسیان تەمەنیان

**گەیشتووە بە سەرو 18 ساڵ و مافی بەشداریکردن لە هەڵبژارنیان بەدەست هێناوە بەگوێرەی ڕەگەز و ژینگەی (شار و لادێ) نشین بەپێی خەملاندنی ساڵی 2021، بڕوانە خشتەی ژمارە (9).**

**خشتەی ژمارە (8)**

**ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک بەگوێرەی تەمەن و ڕەگەز بەپێی خەملاندنی ساڵی 2021**

| تەمەن | نێر | ڕێژە | مێ | ڕێژە | کۆ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 – 17 ساڵ | 382,075 | 51.17% | 364,617 | 48.83% | 746,692 | 44.37% |
| + 18 ساڵ | 471,650 | 50.37% | 464,704 | 49.63% | 936,354 | 55.63% |
| **کۆ / تێکڕا** | **853,725** | **50.72%** | **829,321** | **49.28%** | **1,683,046** | **100%** |

## خشتەی ژمارە (9)

**ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک (بۆ ئەوانەی تەمەنیان گەیشتووە بە سەرو 18 ساڵ و مافی بەشداری هەڵبژارنیان بەدەست هێناوە) بەگوێرەی ڕەگەز و ژینگەی (شار و لادێ) نشین بەپێی خەمڵاندنی (2021)**

| ژینگە | ژمارەی ڕەگەزی نێر بۆ یەمەنی سەرو 18 ساڵ | ژمارەی ڕەگەزی مێ بۆ یەمەنی سەرو 18 ساڵ | کۆ | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| شارنشین | 353,971 | 346,431 | 700,402 | 74.8% |
| لادێنشین | 117,679 | 118,273 | 235,952 | 25.2% |
| **کۆ** | 471,650 | 464,704 | 936,354 | **100%** |

## بەشی دووەم
## کەرکوک لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە سەرەتای دامەزراندنی لە ساڵی (2004)ەوە تا (2023/12/18) توانیوەیەتی سەرپەرشتی دەیان هەڵبژاردنی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بکات، تواناکانی کۆمسیۆن پەرەسەندنی زۆری بەخوە بینیوە بەتایبەت لە رووی بە ئەلیکترۆنی کردنی پرۆسەکەو گۆڕانکاری لە ژماردنی دەستییەوە بۆ ژماردنی ئەلیکترۆنی و ڕیزکردن و پەسەندکردنی کارتی ئەلیکترۆنی دەنگدەر، لەبری کارتە سادەو کاغەزییەکان کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دامەزراندنی کۆمیسیۆندا بەکارهدەێنران، بەڵام هەمیشە مەترسی ئەنجامدانی ساختەکاری مۆتەکەی هەڵبژاردنی پاک و بێگەرد بووەو تا ئێستا نەتوانراوە ئەو مەترسییە لای پارت و لایەنە سیاسییەکان برەوێتەوە. بەڵام دوای ئەو ئەزمونە درێژەی کەڵەکەبووە، کۆمسیۆن لە ژێر ئەم ئیدارەیەی ئێستای خۆیدا توانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران (2021/10/10)دا سەرەڕای پێشکەشکردنی تانەو تەشەرەکان تا ڕادەیەک سەرکەوتووانە ئەنجام بدات. دوا بە دوای ئەویش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی لە (2023/12/18) زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوەبردووە، خشتەی ژمارە (1) پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە ئەنجام دراوە نیشان دەدات.

**خشتەی ژمارە (1)**

**پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە ئەنجام دراوە**

| ژ | هەڵبژاردن | بەروار |
|---|---|---|
| 1 | هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق | 30/01/2005 |
| 2 | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان (ناوەند و هەرێم) | 30/01/2005 |
| 3 | راپرسی گشتی بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراق | 15/10/2005 |
| 4 | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (خولی یەکەم) | 15/12/2005 |
| 5 | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 31/01/2009 |
| 6 | هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان | 25/07/2009 |
| 7 | هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان | 25/07/2009 |
| 8 | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (خولی دووەم) | 07/03/2010 |
| 9 | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان (ناوەند و هەرێم) | 30/04/2013 |
| 10 | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (خولی سێیەم) | 30/04/2014 |
| 11 | هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان | 30/09/2014 |
| 12 | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (خولی چوارەم) | 12/05/2018 |
| 13 | هەڵبژاردنی پێشوەختەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (خولی پێنجەم) | 10/10/2021 |
| 14 | هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان | 18/12/2023 |

وەک لە خشتەکەدا دیارە لە کۆی (14) هەڵبژاردن و دەنگدانی گشتی لە عێراق، کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی عێراق سەرپەرشتی کردووە تەنها (2) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و (6) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ڕاپرسی بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراق، پارێزگای کەرکوکی گرتووەتەوە.

ئەوەش ڕوونە لەدوای هەڵبژاردنی 30ی کانونی دووەمی 2005 ەوە بەهۆی ناکۆکی پێکهاتەکانی ئەو پارێزگایەوە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکوک ئەنجامنەدرا، تا لە هەڵبژاردنی (18ی کانونی یەکەمی 2023) بۆ دووەم جار هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکوک بەڕێوە چوو، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەی لە پارێزگاکە بەڕێوەچووە.


## یەکەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ساڵی 2005

لە هەڵبژاردنی 2005/1/30ی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا، لیستی (برایەتی کەرکوک) کە لایەنە کوردیەکانی لە خۆ دەگرت لە کۆی (41) کورسی پارێزگە (26) کورسی بەدەستهێنا بەرێژەی (63.4%) کورسی ئەو پارێزگایە، لەبەرامبەردا بەرەی تورکمانی (8) کورسی و بەرێژەی (19.5%)ی کورسیەکان و گردبوونەوەی عەرەبی (5) کورسی و بەرێژەی (12.2%) و هاوپەیمانی ئیسلامی تورکمانی (1) کورسی بەرێژەی (2.4%) و گردبوونەوەی نیشتیمانی عێراقی (1) کورسی و بەرێژەی (2.4%) کورسی واتا کورد (63.4%) کورسی ئەنجومەنی ئەو پارێزگایەی بەدەستهێنا، بەڵام لایەنەکانی تر بە عەرەب و تورکمانەوە (36.6%)ی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیان بەدەستهێناوە. تایبەت بە وردەکاری ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڕوانە (چارتی (1) و خشتەی (2 و 3)).

**چارتی ژمارە (1)**

**ئەنجامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک**

**(30/1/2005)**



**خشتەی ژمارە (2)**

**ئەنجامی خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک (2005/1/30)**

| ژمارەی کورسی | ڕێژە | ژمارەی دەنگ | لیستەکان |
|---|---|---|---|
| 26 | 59% | 237,350 | لیستی برایەتی کەرکوک |
| 8 | 18% | 73,791 | بەرەی تورکمانی عێراقی |
| 5 | 11% | 43,645 | التجمع الجمهوري العراقي |
| 1 | 3% | 12,678 | ائتلاف الاسلامي والتركماني |
| 1 | 3% | 12,329 | تجمع الوطني العراقي |
| 0 | 5% | 21,099 | لیستەکانی دیکە |
| 41 | 100% | 400,892 | کۆی گشتی |

**خشتەی ژمارە (3)**

**دەنگ و کورسی لیستە کوردییەکان خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک (2005/1/30)**

| ژمارەی کورسی | ڕێژە | ژمارەی دەنگ | لیستەکان |
|---|---|---|---|
| 26 | 98% | 237,350 | لیستی برایەتی کەرکوک |
| 0 | 1% | 2,356 | کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان |
| 0 | 0% | 1,558 | پارتی پارێزگارانی کوردستان |
| 0 | 0% | 554 | پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان |
| 26 | 99% | 241,818 | کۆی گشتی |


## دابەشكردنی كورسییەكانی لیستی برایەتی لە ساڵی 2005

لایەنە كوردستانییەكان بە یەك لیست بە كۆمەڵێك كەسایەتی و كەسایەتی دیاری نەتەوەی عەرەبی و توركمانی لەگەڵ مەسیحی و سەربەخۆكان بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوكیان كرد، ئەمەش دوای ڕێككەوتنی هاوبەشی نێوان جەلال تاڵەبانی، سكرتێری گشتی كۆچكردووی یەكێتی نیشتمانی كوردستان و مەسعود بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان، لە ساڵی 2005 لە ژێر ناوی "لیستی برایەتی".

هەڵبژاردنی لەم جۆرە یەكەم جار بوو لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە كەركوك بەڕێوەچووبێت، لەم هەڵبژاردنەدا لیستی برایەتی چووە نێو كێبڕكێی هەڵبژاردنەوە بە لیستی ژمارە (367)، (26) كورسی لە ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك بەدەستهێنا، پۆستی سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگا و پۆستی پارێزگاری شارەكەی وەرگرت.

لە چوارچێوەی لیستی برایەتیدا پارتی دیموكراتی كوردستان (7) كوردسی، یەكێتی نیشتمانی كوردستان (5) كورسی، یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان (3) كورسی، حزبی شیوعی كوردستان (3) كورسی، پارتی سۆشیالست دیموكراتی كورستان (1) كورسی، حزبی زەحمەتكێشان (1) كورسیان بەدەستهێنا.

هەر لە چواچێوەی لیستی برایەتیدا پێكهاتەی عەرەبی (2) كورسی، پێكهاتەی توركمان (1) كورسی و سەربەخۆكان (2) كورسیان بەدەستهێنا.


DRAW
هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە 2005
کورسی لایەنەکان لە چوارچێوەی لیستی برایەتی
زەحمەتکێشانی کوردستان
سۆسیالست دیموکـــراتی کوردستان
تـورکمان لە لیستی برایەتی
پێکهاتەی مەسیحـــی
عەرەب لە لیستی برایەتی
پێکهاتەی سەربەخۆکان
شیوعی کوردستان
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
پارتی دیموکراتی کوردستان
1
1
1
1
2
2
3
3
5
7
26
Drawmedia.net

## ئەندامانی لیستی برایەتی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005

یەکەم؛ پارتی دیموکراتی کوردستان

1. محەمەد کەمال
2. پەروین محەمەد
3. مەحمود محەمەد (کامەران کەرکوکی)
4. نەسرین خالید
5. ساهرە سەیف الدین
6. شێرزاد عادل
7. دڵشاد پیروت

دووەم؛ یەکێتی نیشتمانی کوردستان

1. ڕزگار عەلی
2. ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەلعەسکەری
3. گەلاوێژ جەبار
4. بابەکر صدیق ئەحمد
5. ئەڵماس فازڵ

سێیەم؛ حزبی شیوعی کوردستان

1. عەلی حەمزە محەمەد
2. جەمال مەولود
3. لەیلا محەمەد

چوارەم؛ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

1. جوان حەسەن
2. ڕێبوار فایەق تاڵەبانی
3. ئیبراهیم خەلیل

پێنجەم؛ پارتی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان

- ئازاد جەباری

شەشەم؛ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

- ئاوات محمد ئەمین

حەوتەم؛ پێکهاتەی مەسیحی

- سلڤانا بویا

هەشتەم؛ سەربەخۆکان

1. عەبدولڕەحمان مستەفا
2. عەلی نامیق

نۆیەم؛ پێکهاتەی عەرەبی لە لیستی برایەتیدا

1. ڕیاز محەمەد
2. جەواد جاسم ئەلجەنابی

دەیەم؛ پێکهاتەی تورکمان لە لیستی برایەتیدا

- عیرفان جەمال کەرکوکلی

**گۆڕانی هاوکێشەی هێز لە چوارچێوەی لیستی (برایەتی)دا**

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 دوای چەند ساڵێک بەتەواوەتی گۆڕانکاری بەسەردا هات و پارتی دیموکراتی کوردستان تا ڕادەیەک بووە گەورەترین کوتلەی نێو لیستی برایەتی، بەشێک لە نوێنەری لایەنەکان چوونە نێو ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێکیشیان چونە نێو ریزی یەکێتییەوە. لەوانەش ئەندامانی حزبی شیوعی، پاتی سۆسیالست دیموکرات، زەحمەتکێشان و ئەندامانی پێکهاتەی عەرەبی و تورکمان.
ئەندامێکی پارتی سۆسیالیست و ئەندامێکی زەحمەتکێشان و ئەندامی پێکهاتەی عەرەبی و ئەندامێکی حزبی شیوعی پاڵپشتیان بۆ کوتلەی یەکێتی ڕاگەیاند، بەڵام یەکێک لە کێشەکان بۆ یەکێتی نیشتمانی

کوردستان ئەوە بوو لە ماوەی (14) ساڵدا (3) ئەندامی لە دەستدابوو ئەوانیش (لەیلا حەسەن و ئەڵماس فازڵ) کە بۆ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردران و (رزگار عەلی)یش دوای دەستهەڵگرین لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا دەستی لە کارەکەی هەڵگرت.

هاوکات ئەندامێکی تری پێکهاتەی عەرەبی و ئەندامی دووەمی پێکهاتەی تورکمان لەگەڵ یەکێک لە سەربەخۆکانی ناو لیستی برایەتی چونە پاڵ پارتی دیموکرات و جگە لەوەش بەپێی زنجیرەی کاندیدەکانی لیستی برایەتی کاندیدەکانی پارتی دیموکرات سودمەند بوون و کورسییە بەتاڵەکانی لیستەکەیان پڕکردەوە.

بۆیە دوای (14) ساڵ و لە ساڵی (2019) بە تەواوی هاوکێشەی نێو لیستی برایەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، بە جۆرێک؛ ژمارەی کورسییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی گەیشتە (11) کورسی، لە کاتێکدا یەکێتی نیشتمانی گەیشتە (8) کورسی، هەروەها پێکهاتەی مەسیحی بەهۆی ریزبەندی کاندیدەکانیانەوە سودی باشیان لە لیستی برایەتی وەرگرت و (2) کورسی دیکەیان بەدەستهێنا دوای ئەوەی ژمارەیەک ئەندامی ئەنجومەن دەستبەرداری پۆستەکانیان بوون.

بۆیە هاوکێشەی پێکهاتەو لایەنیەکانی نێو لیستی برایەتی دوای (14) ساڵ و لە ساڵی (2019) بەم شێوەیەی لێهات کە لە گرافیکەکەی خوارەدا رونکراوەتەوە.


DRAW
ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك لە 2019
دوای 14 ساڵ لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك
کورسی لایەنەکان لە چوارچێوەی لیستی برایەتی
پێکهاتەی سەربەخۆکان
1
پێکهاتەی مەسیحی
3
پارتی دیموکراتی کوردستان
11
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
3
26
8
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
Drawmedia.net

## ئەندامانی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ساڵی 2019

**یەکەم؛ پارتی دیموکراتی کوردستان**

1. محەمەد کەمال
2. پەروین محەمەد
3. مەحمود محەمەد (کامەران کەرکوکی)
4. نەسرین خالید
5. ساهیرە سەیف الدین
6. شێرزاد عادل
7. دڵشاد پیروت
8. ریض محەمەد
9. عەلی نامیق
10. عیرفان کەرکوکلی
11. فوئاد حسێن

**دووەم؛ یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

1. ئەحمەد عەبدوڵڵا عەسکەری
2. گەلاوێژ جەباری
3. بابەکر صدیق ئەحمد
4. جەمال مەولود
5. ئازاد جەباری
6. ئاوات محەمەد
7. جەواد جاسم ئەلجەنابی
8. عوسمان عەلی

**سێیەم؛ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

1. جوان حەسەن

2. ڕێبوار فایەق تاڵەبانی
3. ئیبراهیم خەلیل

چوارەم؛ مەسیحییەکان

1. سلڤانا بویا
2. سویتلین ئستیڤان
3. ئێدوارد ئۆراهان ئادیشۆ

پێنجەم؛ سەربەخۆ

- لەیلا محەمەد

## دووەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق لە ساڵی 2005

لە هەڵبژاردنی 2005/1/30ی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک لە کۆی (576 هەزار) دەنگدەری ئەو پارێزگایە بە ڕێژەی (69%) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردو (397 هەزار و 224) کەس بە دروستی دەنگیان دابوو (6 هەزار و 62) دەنگیش پوچەڵ کرایەوە.

لەبەر ئەوەی عێراق لەو هەڵبژاردنەدا لە یەک بازنەی هەڵبژاردن پێکهاتبوو بۆیە کورسی تەرخانکراو دیاری نەکرابوو بۆ پارێزگاکان.

لەم هەڵبژاردنەدا (لیستی هاوپەیمانی کوردستانی) کە زۆرینەی پارتە سیاسییە کوردییەکانی لەخۆگرتبوو جگە لە کۆمەڵی ئیسلامی، زۆرینەی دەنگەکانی پارێزگاکەی بەدەستهێنا کە ڕێژەی (59.7%) گشتی دەنگەکانی پارێزگاکە بوو، بۆ وردەکاری تەوای ئەنجامەکان بڕوانە (خشتە ژمارە (4) و چارتی ژمارە (2)).


**خشتەی ژمارە (4)**

**ئەنجامی هەڵبژاردنی 2005/1/30ی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک**

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژە |
|---|---|---|
| لیستی هاوپەیمانی کوردستانی | 237,006 | 60% |
| بەرەی تورکمانی عێراق | 65,614 | 17% |
| لیستی عێراقیە | 22,496 | 6% |
| تحالف العراق الموحد | 19,815 | 5% |
| العراقیون | 18,725 | 5% |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | 2,226 | 1% |
| اتحاد الشعب | 1,237 | 0% |
| لیستی رافیدەینی نیشتمانی | 978 | 0% |
| تحالف الدیمقراطي الوطني | 222 | 0% |
| منظمة العمل الاسلامي في العراق | 226 | 0% |
| الكوادر والنخب الوطنية المستقلة | 153 | 0% |
| ئەوانی تر | 28,526 | 7% |
| کۆی گشتی | 397,224 | 100% |

**چارتی ژمارە (2)**

**ئەنجامی هەڵبژاردنی 30/1/2005ی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک**




## سێیەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2005

لە هەڵبژاردنی 2005/12/15ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک لە کۆی (691 هەزار و 581) دەنگدەری ئەو پارێزگایە کە 9 کورسی بۆ تەرخان کرابوو (595 هەزار و 335) کەس دەنگیاندا، (585 هەزار و 542) دەنگی دروست بە ڕێژەی (84.7%) هەژمار کراو (9 هەزار و 793) کارتی دەنگدانیش پوچەڵ کرایەوە. لیستی هاوپەیمانی کوردستانی زۆرینەی دەنگ و کورسی پارێزگاکەی بەدەستهێنا. وەک لە خشتەی (5) و چارتی ژمارە (3) دا رونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (5)

ئەنجامی هەڵبژاردنی 2005/12/15ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژە | کورسی |
|---|---|---|---|
| هاوپەیمانی کوردستانی | 312,754 | 53% | 5 |
| الجبهه العراقية للحوار الوطني | 82,107 | 14% | 1 |
| بەرەی تورکمانی عێراقی | 63,658 | 11% | 1 |
| جبهة التوافق الوطني | 34,665 | 6% | 1 |
| كتلة المصالحة و التحرير | 26,302 | 4% | 1 |
| كتلة العراقية الموحدة | 19,672 | 3% | 0 |
| قائمة العراقية الوطنية | 14,316 | 2% | 0 |
| القائمة العراقية | 6,289 | 1% | 0 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 6,138 | 1% | 0 |
| ئەوانی تر | 19,641 | 3% | 0 |
| کۆی گشتی | 585,542 | 100% | 9 |


چارتی ژماره (3)
ئەنجامی هەڵبژاردنی 15/12/2005ی ئەنجومەنی
نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک
350,000
300,000
250,000
200,000
150,000
100,000
50,000
0
312,754
53%
5
82,107
14%
1
63,658
11%
1
34,665
6%
1
26,302
4%
1
19,672
3%
0
14,316
2%
0
6,289
1%
0
6,138
1%
0
19,641
3%
0
هاوپەیمانی کوردستانی
الجبهه العراقية للحوار الوطني
بەرەی تورکمانی عێراقی
جبهة التوافق الوطني
كتلة المصالحة و التحرير
كتلة العراقية الموحدة
قائمة العراقية الوطنية
القائمة العراقية
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
ئەوانی تر
ژمارەی دەنگ
ڕێژە
کورسی

## چوارەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە ساڵی 2010

لە هەڵبژاردنی 2010/3/7 ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە کورد بە چەند لیستێک بەشداری کرد، لە کۆی (557 هەزارو 37) دەنگدەری پارێزگای کەرکوک، لە لیستە سەرکەوتووەکاندا لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و چەند پارتێکی دیکە پێکهاتبوو، توانی (206 هەزارو 542) دەنگ بەرێژەی (37%)ی دەنگەکانی ئەو پارێزگایە بەدەستبهێنێت و 6 کورسی لە کۆی 12 کورسی پشکی ئەو پارێزگایە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدەستبهێنێت، کە رێژەی کورسیەکانی (50%) دەکات، هاوکات لیستی عێراقیە (211 هەزارو 336) دەنگ و بەرێژەی (37.9%)ی دەنگی لیستە سەرکەوتوەکانی ئەو پارێزگایەو 6 کورسی بەدەستهێنا واتا (50%) و لیستی رافیدەین (28 هەزارو 78) دەنگ و بەرێژەی (5%) و (1) کورسی لە کورسی کۆتای بەدەستهێنا.


سەرەرای دەنگی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە (206 هەزارو 542) دەنگی بەدەستهێنابوو دەنگی سەرجەم لیستە کوردیەکان لەو پارێزگایە (278 هەزارو 170) دەنگی بەدەستهێنابوو بەرێژەی (49.9%)ی دەنگی ئەو پارێزگایە بەو پێیەی لیستی گۆران (36 هەزارو 554) دەنگ و یەکگرتووی ئیسلامی (24 هەزارو 274) دەنگ، کۆمەڵی ئیسلامی (7 هەزارو 175) دەنگی بەدەستهێنابوو حیزبی شیوعی (3 هەزارو 397) دەنگی بەدەستهێنا بوو، کە نزیکەی (70 هەزار) دەنگە، کە ئەو لایەنانە لەبەر ئەوەی دەنگی پێویستیان نەهێنا بۆ کورسیەک کە بەهای کورسیەک (46 هەزارو 419) دەنگ بووە، هیچ کورسیەکیان بەدەستنەهێناو دەنگەکانیان سوتا.

بەو پێیەش دەنگی کورد لە نێوان 2005 بۆ 2010 لە (63.4%) دەنگی ئەو پارێزگایەوە بۆ (49.9%)ی دەنگی ئەو پارێزگایە دابەزی، واتا بەرێژەی (13.5%)ی دەنگەکانی دابەزی، رێژەی کورسیەکانیشی بەهەمان شێوە (13.4%) دابەزی. (بڕوانە خشتەی ژمارە (6) و چارتی ژمارە (4)).

**خشتەی ژمارە (6)**

**ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2010/3/7 لە پارێزگای کەرکوک**

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژە | کورسی |
|---|---|---|---|
| لیستی عێراقیة | 211,675 | 38% | 6 |
| هاوپەیمانی کوردستان | 206,542 | 37% | 6 |
| ئەوانی تر | 138,167 | 25% | 0 |
| کۆی گشتی | 556,384 | 100% | 12 |



چارتی ژمارە (4)
ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
7/3/2010 لە پارێزگای کەرکوک
250,000
200,000
150,000
100,000
50,000
0
211,675
38%
6
206,542
37%
6
138,167
25%
0
لیستی عێراقیة
هاوپەیمانی کوردستان
ئەوانی تر
ژمارەی دەنگ
ڕێژە
کورسی


## پێنجەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2014

لە هەڵبژاردنی 2014/4/30ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک لە کۆی (570 هەزار و 795) دەنگدەری ئەو پارێزگایە کە 12 کورسی هەبوو بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یەکێتی (209 هەزار و 964) دەنگی بەدەستهێنا (6) کورسی و پارتی (63 هەزار و 76) دەنگی بەدەستهێنا (2) کورسی بردەوە بەهای کورسی لەو پارێزگایە (47 هەزار و 566) دەنگ دەکات. بۆ وردەکاری ئەنجامەکان (بڕوانە خشتەی ژمارە (6) و چارتی ژمارە (5)).

خشتەی ژمارە (7)

ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2014/4/30 لە پارێزگای کەرکوک

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژە | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 209,964 | 37% | 6 |
| بەرەی تورکمانی لە کەرکوک | 71,492 | 13% | 2 |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | 63,076 | 11% | 2 |
| هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک | 53,796 | 9% | 1 |
| هاوپەیمانی عروبە | 38,328 | 7% | 1 |
| ئەوانی دیکە | 134,103 | 23% | 0 |
| کۆی گشتی | 570,759 | 100% | 12 |



چارتی ژمارە (5)
ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
30/4/2014 لە پارێزگای کەرکوک
250,000
200,000
150,000
100,000
50,000
0
209,964
71,492
63,076
53,796
38,328
134,103
37%
6
13%
2
11%
2
9%
1
7%
1
23%
0
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
بەرەی تورکمانی لە کەرکوک
پارتی دیموکراتی کوردستان
هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک
هاوپەیمانی عروبە
ئەوانی دیکە
ژمارەی دەنگ
ڕێژە
ژمارەی کورسی

## شەشەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2018


**لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە 12ی ئایاری 2018 دا لە پارێزگای کەرکوک پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی ئەو پارێزگایەی نەکرد، لە کۆی (12) کورسی و (484 هەزارو 618) دەنگدەر .**

- **یەکێتی نیشتیمانی 6 کورسی و (183 هەزارو 283) دەنگی بەدەستهێنا.**
- **هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک 3 کورسی و (84 هەزارو 102) دەنگی بەدەستهێنا.**
- **بەرەی تورکمانی 3 کورسی و (79 هەزارو 694) دەنگی بەدەستهێنا.**
- **لیستی نیشتمان (گۆڕان، هاوپەیمانی، کۆمەڵ) لە کەرکوک (14 هەزارو 118) دەنگی بەدەستهێنا بەبێ کورسی.**
- **نەوەی نوێ (13 هەزارو 96) دەنگی بەدەستهێنا.**
- **حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان (7 هەزارو 243) دەنگی بەدەستهێنا.**
- **یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (4 هەزارو 631) دەنگی بەدەستهێنا. بۆ وردەکاری ئەنجامەکان (بڕوانە خشتەی ژمارە (8 و 9) و چارتی ژمارە (6 و 7)).**

**خشتەی ژمارە (8)**

**ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2018/5/12 لە پارێزگای کەرکوک**

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژە | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 183,283 | 38% | 6 |
| هاوپەیمانی نیشتمان | 14,118 | 3% | 0 |
| جوڵانەوەی نەوەی نوێ | 13,096 | 3% | 0 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 4,631 | 1% | 0 |
| حزبی سۆسیالست | 7,243 | 1% | 0 |
| حزبی شیوعی کوردستان | 884 | 0% | 0 |
| هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک | 84,102 | 17% | 3 |
| هاوپەیمانی نەصر | 24,328 | 5% | 0 |
| هاوپەیمانی فەتح | 18,427 | 4% | 0 |
| هاوپەیمانی نیشتمانی | 14,979 | 3% | 0 |
| بەرەی تورکمانی لە کەرکوک | 79,694 | 16% | 3 |
| لیستی بابلیون (کۆتا) | 4,864 | 1% | 1 |
| ئەنجومەنی شەعبی کلدۆ سریان ئاشوری | 3,810 | 1% | 0 |
| ئەوانی تر | 31,159 | 6% | 0 |
| کۆ | 484,618 | 100% | 13 |




چارتی ژمارە (6)
ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
12/5/2018 لە پارێزگای کەرکوک
183,283
84,102
79,694
31,159
24,328
18,427
14,979
14,118
13,096
7,243
4,864
4,631
3,810
884
38%
17%
16%
6%
5%
4%
3%
1%
0%
8
3
200,000
180,000
160,000
140,000
120,000
100,000
80,000
60,000
40,000
20,000
0
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
هاوپەیمانی نیشتمان
جوڵانەوەی نەوەی نوێ
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستاب
حزبی سۆسیالست
حزبی شیوعی کوردستان
هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک
هاوپەیمانی نەصر
هاوپەیمانی فەتح
هاوپەیمانی نیشتمانی
بەرەی تورکمانی لە کەرکوک
لیستی بابلیون (کۆتا)
ئەنجومەنی شەعبی کلدۆ سریان ئاشوری
ئەوانی تر
ژمارەی دەنگ
ڕێژە
ژمارەی کورسی

**خشتەی ژمارە (9)**

**ئەنجامی دەنگی لیستە کوردییەکان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 2018/5/12 لە پارێزگای کەرکوک**

| لیستەکان | ژمارەی دەنگ | ڕێژە | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|---|
| یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 183,283 | 82% | 6 |
| هاوپەیمانی نیشتمان | 14,118 | 6% | 0 |
| جوڵانەوەی نەوەی نوێ | 13,096 | 6% | 0 |
| حزبی سۆسیالست | 7,243 | 3% | 0 |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 4,631 | 2% | 0 |
| حزبی شیوعی کوردستان | 884 | 0% | 0 |
| کۆ | 223,255 | 100% | 6 |


خشتەی ژمارە (7)
ئەنجامی دەنگی لیستە کوردییەکان لە هەڵبژاردنی
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق 12/5/2018 لە
پارێزگای کەرکوک
200,000
180,000
160,000
140,000
120,000
100,000
80,000
60,000
40,000
20,000
0
183,283
82%
6
14,118
6%
0
13,096
6%
0
7,243
3%
0
4,631
2%
0
884
0%
0
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
هاوپەیمانی نیشتمان
جوڵانەوەی نەوەی نوێ
حزبی سۆسیالست
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستاب
حزبی شیوعی کوردستان
ژمارەی دەنگ
ڕێژە
ژمارەی کورسی

## حەوتەم: کەرکوک لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵی 2021

بەپێی دواین ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک، کە لە (2021/10/10) بەڕێوەچوو، پارێزگاکە لە سێ بازنەی هەڵبژاردن پێکهاتبوو، لە سەر ئاستی هەرسێ بازنەکەی هەڵبژاردن (409 هەزار و 494) دەنگی ڕاستەقینە بەدەستهاتووە، بەجۆرێک؛


- پێکهاتەی کورد زۆرینەی دەنگەکانی پارێزگاکەی بردووەتەوە بە (160 هەزار و 370) دەنگ.
- پێکهاتەی عەرەب بە پلەی دووەم دێت بە (120 هەزار و 672) دەنگ.
- پێکهاتەی تورکمان پلەی سێیەمی هەیە بە (45 هەزار و 773) دەنگ.
- سەربەخۆکانیش (82 هەزار و 679) دەنگیان بەدەستهێناوە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

## خشتەی ژمارە (1)

## دەنگی پێکهاتەکانی پارێزگای کەرکوک لە 2021/10/10

| دەنگی پێکهاتەکان لە کەرکوک | بازنەی (1) | بازنەی (2) | بازنەی (3) | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| دەنگی کورد | 131230 | 29127 | 13 | 160370 |
| دەنگی عەرەب | 1339 | 42477 | 76856 | 120672 |
| دەنگی تروکمان | 6806 | 38858 | 109 | 45773 |
| سەربەخۆکان | 29620 | 33262 | 19797 | 82679 |
| کۆ | 168995 | 143724 | 96775 | 409494 |


DRAW
دەنگی کورد لەپارێزگای کەرکوك
ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە 2021/10/10
ژمارەی دەنگ لەسەربنەمای پێکهاتەکان
کـــــورد 160 370
عـــەرەب 120 672
تروکمـــان 45 773
سەربەخۆ 82 679
Drawmedia.net
سەرچاوە/کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق

## دەنگی لایەنە کوردییەکان لە هەڵبژاردنی 2021/10/10

لە سەر ئاستی هەرسێ بازنەکەی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک کە لە (2021/10/10) بەڕێوەچوو؛ پێکهاتەی کورد دەنگەکانی دابەشبووە بەسەر (یەکێتی (82 هەزار و 286 دەنگ، پارتی (49 هەزار و 538) دەنگ، نەوەی نوێ (25 هەزار و 391) دەنگ، بزوتنەوەی گۆڕان (2 هەزار و 481) دەنگ، سۆسیالست (425) دەنگ، زەحمەتکێشان (249) دەنگ و کۆمەڵی دادگەری و یەکگرتووی ئیسلامی بەهۆی ئەوەی کاندیدیان نەبووە بۆیە هیچ دەنگێکیان بەدەست نەهێناوە). بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

**خشتەی ژمارە (1)**

**دەنگی لایەنە کوردییەکانی پارێزگای کەرکوک لە 2021/10/10**

| دەنگی لایەنە کوردییەکان | بازنەی (1) | بازنەی (2) | بازنەی (3) | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| یەکێتی | 67445 | 14841 | | 82286 |
| نەوەی نوێ | 23090 | 2288 | 13 | 25391 |
| پارتی | 37744 | 11794 | | 49538 |
| گۆڕان | 2481 | | | 2481 |
| سۆسیالست | 221 | 204 | | 425 |
| زەحمەتکێشان | 249 | | | 249 |
| کۆ | 131230 | 29127 | 13 | 160370 |

## ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە پارێزگای کەرکوک

### بازنەی (1) لە پارێزگای کەرکوک

### ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە 2021/10/10

| ز | ژ. کورسی تەرخانکراو | ناوی کاندیدەکان | ڕەگەز | ژمارەی کاندید | لایەنی سیاسی | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 5 | عامر صالح هلال خزر | نێر | 20 | سەربەخۆ | 800 |
| 2 | | محەمەد عەزیز محەمەد | نێر | 21 | سەربەخۆ | 342 |
| 3 | | مهیمن عەلی حوسین حەمدانی | نێر | 22 | سەربەخۆ | 14358 |
| 4 | | ئومێد محەمەد ئەحمەد | نێر | 23 | نەوەی نوێ | 23090 |
| 5 | | سارا ستار محەمەد شێخانی | نێر | 24 | سەربەخۆ | 776 |
| 6 | | سالم مەجید وەلی زەنگەنە | نێر | 25 | سەربەخۆ | 5205 |
| 7 | | خەبات ئەسعد محەمەد قادر | نێر | 26 | سەربەخۆ | 395 |
| 8 | | نەسرین محەمەد کەریم | مێ | 27 | قادمون | 188 |
| 9 | | شزا عەلی روبیتان داودی | مێ | 28 | سەربەخۆ | 166 |
| 10 | | محەمەد نەسرەدین محەمەد | نێر | 29 | هاوپەیمانی کوردستان | 2481 |
| 11 | | شاخەوان عەبدوڵا ئەحمد تاڵەبانی | نێر | 30 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 37744 |
| 12 | | سەباح حەبیب قادر وەهاب | نێر | 31 | هاوپەیمانی کوردستان | 15708 |
| 13 | | تولین زهیر تاهر | مێ | 32 | بەرەی تورکمانی عێراقی | 1012 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | یەکگرتوو | | | | | |
| 477 | سەربەخۆ | 33 | مێ | شیرین عەبدوڵا محەمەد | | 14 |
| 221 | حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان | 34 | نێر | ریباز محەمەد عەبدولکەریم | | 15 |
| 680 | سەربەخۆ | 35 | مێ | سەحەر عەبدوڵا شاکر زەنگەنە | | 16 |
| 11348 | هاوپەیمانی کوردستان | 36 | نێر | موئەیەد غازی عبید داودی | | 17 |
| 129 | سەربەخۆ | 37 | نێر | سەعد نەجمەدین حەمدانی | | 18 |
| 5197 | بەرەی تورکمانی عێراقی یەکگرتوو | 38 | نێر | ماردین تەحسین عەبدولرەحمان | | 19 |
| 771 | هاوپەیمانی عەرەبی لە کەرکوک | 39 | نێر | حاتەم ئیسماعیل جومعە | | 20 |
| 1956 | سەربەخۆ | 40 | نێر | بەسام مەحمود خەلەف | | 21 |
| 138 | حیزبی مەیدانی تورکمانی عێراق | 41 | نێر | ئیبراهیم یەشار سەعدەدین | | 22 |
| 21510 | هاوپەیمانی کوردستان | 42 | مێ | دیلان غەفور سالح زەنگەنە | | 23 |
| 515 | سەربەخۆ | 43 | نێر | سەلام عەزیز ئیسماعیل | | 24 |
| 249 | حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان | 44 | نێر | شوان محەمەد کەریم محەمەد | | 25 |
| 3215 | سەربەخۆ | 45 | نێر | مقداد فەیزوڵا ئەحمد | | 26 |
| 203 | قادمون | 46 | نێر | گوران اغاجان هاشم زەنگەنە | | 27 |
| 459 | بەرەی تورکمانی عێراقی یەکگرتوو | 47 | مێ | ژاڵە یونس ئەحمەد حەسەن | | 28 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 29 | | هانی ڕەشید حەسەن | نێر | 48 | قادمون | 52 |
| 30 | | ئیسماعیل محەمەد نامق زەنگەنە | نێر | 49 | سەربەخۆ | 107 |
| 31 | | ئالا تەحسین حەبیب تاڵەبانی | مێ | 50 | هاوپەیمانی کوردستان | 9058 |
| 32 | | محەمەد سابر سلیمان هەمەوەندی | نێر | 51 | سەربەخۆ | 372 |
| 33 | | سدیق عومەر ڕەسول مەعروف | نێر | 52 | هاوپەیمانی کوردستان | 9821 |
| 34 | | ڕەسمیە عەبدولرەزاق ئیبراهیم | مێ | 53 | المنقذون | 125 |
| 35 | | ئەحمەد حسین عەلی ئیسماعیل | نێر | 55 | سەربەخۆ | 127 |

**بازنەی (2) لە پارێزگای کەرکوک**

**ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە 2021/10/10**

| ز | ژ. کورسی تەرخانکراو | ناوی کاندیدەکان | ڕەگەز | ژمارەی کاندید | لایەنی سیاسی | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 4 | یاسین ابراهیم محمود ذیاب العبیدي | نێر | 20 | كتلة الاستقرار | 2608 |
| 2 | | کیلان قادر علي عمر | نێر | 21 | هاوپەیمانی کوردستان | 13141 |
| 3 | | اسماء عبدالکریم مطر خلف المفرجي | نێر | 22 | ائتلاف سلامة وطن | 311 |
| 4 | | کاظم علي عباس مصطفی الحیدري | نێر | 23 | ائتلاف دولة القانون | 2462 |
| 5 | | احمد محمود عبد حمودي العزي | نێر | 24 | حرکة نازل أخذ حقي الدیمقراطیة | 177 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 321 | قادمون | 25 | نێر | اركان قنبر خورشيد علي اوجي | | 6 |
| 1002 | سەربەخۆ | 26 | نێر | نشام انور اسماعيل عبدالله صفر | | 7 |
| 2959 | سەربەخۆ | 27 | نێر | غسان حسين علي محمد البياتي | | 8 |
| 204 | پارتی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان | 28 | نێر | هزار رشيد حميد ولد كاكى | | 9 |
| 1116 | ائتلاف النصر | 29 | نێر | سلوان خميس ضاري عاصي العبيدي | | 10 |
| 414 | حزب الميدان التركماني العراقي | 30 | مێ | بصيره اكبر محمد عبدالرزاق | | 11 |
| 218 | جبهة الوحدة الوطنية | 31 | مێ | هاله نورالدين احمد داود المفرجي | | 12 |
| 928 | الجماهير الوطنية | 32 | نێر | فرحان حسين صالح علي الجبوري | | 13 |
| 1914 | جبهة تركمان العراق الموحد | 33 | نێر | مراد صائب محمود ابراهيم البياتي | | 14 |
| 2411 | سەربەخۆ | 34 | مێ | خديجه علي عباس جاسم التركماني | | 15 |
| 4262 | التحالف العربي في كركوك | 35 | نێر | محمد مزهر شاهين هلال الشمري | | 16 |
| 696 | تحالف قوى الدولة | 36 | نێر | نجاه حسين حسن علي الصباغ | | 17 |
| 55 | تيار الكلمة | 37 | نێر | ابراهيم نجف احمد خورشيد حمزلي | | 18 |
| 1700 | هاوپەیمانی کوردستان | 38 | مێ | ئاشتي مهدي عارف قادر | | 19 |
| 161 | حزب المجد العراقي | 39 | نێر | مهند امجد خضير احمد الحيالي | | 20 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3189 | سەربەخۆ | 40 | نێر | يوسف عكاب يوسف عبدالله الطيار | | 21 |
| 653 | سەربەخۆ | 41 | نێر | حسين اصغر زين العابدين حسن العلو | | 22 |
| 2288 | نەوەی نوێ | 42 | مێ | امينه فاضل صالح محمود الجباري | | 23 |
| 85 | سەربەخۆ | 43 | نێر | اورهان خليل جمعه ولي الجعفر | | 24 |
| 90 | قادمون | 44 | مێ | فاتن رجب جواد علي الخزرجي | | 25 |
| 3980 | سەربەخۆ | 45 | نێر | احمد حيدر قاسم عبدالله الحسكلي | | 26 |
| 7681 | تحالف الفتح | 46 | نێر | غريب عسكر نقي مشير المرادلي | | 27 |
| 1356 | سەربەخۆ | 47 | نێر | احمد خلف طريد فرحان العزاوي | | 28 |
| 148 | سەربەخۆ | 48 | نێر | سالم جهاد جبار جلال بازركان | | 29 |
| 2800 | سەربەخۆ | 49 | نێر | قصي كامل جاسم محمد العجيلي | | 30 |
| 341 | قادمون | 50 | مێ | احلام محمد خليل حمد الاعرجي | | 31 |
| 7588 | تحالف تقدم الوطني /تقدم | 51 | نێر | محمد نصير سعدون مصطفى | | 32 |
| 11794 | پارتی دیموکراتی کوردستان | 52 | مێ | نجوى حميد محمد علي كاكه يي | | 33 |
| 2658 | سەربەخۆ | 53 | نێر | جشعم هلال صالح هزاع النعيمي | | 34 |
| 220 | الحركة الاسلامية في | 54 | نێر | حسن امين محمد امين | | 35 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | الشيخاني | | | العراق | |
| 36 | | نيازي محمد مهدي قنبر معماراوغلو | نێر | 55 | سەربەخۆ | 4442 |
| 37 | | اسماعيل احمد رجب طرفاوي الحديدي | نێر | 57 | حزب المشرق العربي | 3357 |
| 38 | | رمله حميد احمد جرجيس العبيدي | مێ | 58 | تحالف تقدم الوطني /تقدم | 544 |
| 39 | | ماهر كريم محمود مزبان الجبوري | نێر | 59 | سەربەخۆ | 219 |
| 40 | | يلدرم ايدن حسين مصطفى البياتي | نێر | 60 | حزب الميدان التركماني العراقي | 71 |
| 41 | | حسين حمدي باقر محمد العلو | نێر | 61 | سەربەخۆ | 38 |
| 42 | | رازق مرهون سالم يوسف الجبوري | نێر | 62 | سەربەخۆ | 2512 |
| 43 | | مالك حاجم كاظم حسين المجتومي | نێر | 63 | المنقذون | 114 |
| 44 | | عمار هدايت محمدعلي ولي كهيه | نێر | 64 | جبهة تركمان العراق الموحد | 6113 |
| 45 | | رعد صالح حسين موسى الجبوري | نێر | 65 | سەربەخۆ | 3115 |
| 46 | | عزيز حواس مشوح جاسم اللهيبي | نێر | 66 | حركة انجاز | 2847 |
| 47 | | ارشد رشاد فتح الله عبدالرزاق الصالحي | نێر | 67 | جبهة تركمان العراق الموحد | 22724 |
| 48 | | احمد طاهر اسماعيل احمد الصالحي | نێر | 68 | سەربەخۆ | 214 |
| 49 | | ايشان نجم رستم بكر النعيمي | مێ | 69 | سەربەخۆ | 43 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 50 | | محمد زين العابدين محمد الموسوي | نێر | 70 | سەربەخۆ | 873 |
| 51 | | اياد جلعو محمد عبدالله العبيدي | نێر | 71 | سەربەخۆ | 252 |
| 52 | | حنان ثاير محمود حسن بهيازي | مێ | 72 | سەربەخۆ | 313 |
| 53 | | جمال نوري كاظم ولي الخزرجي | نێر | 73 | الوئام العراقي | 45 |
| 54 | | سوسن عبدالواحد شاكر جدوع | مێ | 74 | جبهة تركمان العراق الموحد | 7622 |
| 55 | | خالد حمد علاوي شهاب المفرجي | نێر | 75 | المشروع الوطني العراقي | 6231 |
| 56 | | ترف خلف محمد محمود الطائي | نێر | 76 | ائتلاف الوطنية | 104 |

## بازنەی (3) لە پارێزگای کەرکوک

## ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لە 2021/10/10

| ز | ژ. کورسی تەرخانکراو | ناوی کاندیدەکان | ڕەگەز | ژمارەی کاندید | لایەنی سیاسی | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 3 | عايد عبدالله احمد جارالله الجبوري | نێر | 20 | قادمون | 1843 |
| 2 | | تحرير احمد حسن كاكا العبيدي | مێ | 21 | سەربەخۆ | 3263 |
| 3 | | صبيحه محمد عبدالله حسين الجبوري | مێ | 22 | سەربەخۆ | 840 |
| 4 | | صباح حسن سلطان خليل العبيدي | نێر | 23 | قادمون | 72 |
| 5 | | برهان مزهر عاصي حسين العبيدي | نێر | 24 | حزب التصحيح الوطني | 21 |
| 6 | | مروه علي حميد علي الحسن | نێر | 25 | نەوەی نوێ | 13 |
| 7 | | قحطان وطبان محمد عبدالله الجميلي | نێر | 26 | سەربەخۆ | 488 |
| 8 | | حاجم حسين زوبع احمد الجبوري | نێر | 27 | الجماهير الوطنية | 21 |
| 9 | | سامر سعدي عمر حمد النعيمي | نێر | 28 | سەربەخۆ | 2639 |
| 10 | | فلاح خليل جلال محمدعلي يايجلي | نێر | 29 | جبهة تركمان العراق الموحد | 109 |
| 11 | | رنا حسين محمد سليمان الجبوري | مێ | 30 | سەربەخۆ | 494 |
| 12 | | ساهره عبدالله محمد غرب الجبوري | مێ | 31 | تحالف تقدم الوطني /تقدم | 8008 |
| 13 | | ايمان غازي عطيه عبود | مێ | 32 | سەربەخۆ | 29 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | الجبوري | | | | |
| 14 | | وليد محمد عطيه محيميد السبعاوي | نێر | 33 | حركة الوفاء العراقية | 635 |
| 15 | | سهمي سعيد علي رضوان الجبوري | نێر | 34 | التحالف العربي في كركوك | 87 |
| 16 | | خليل مزهر عبدالله محمد الجبوري | نێر | 35 | سەربەخۆ | 32 |
| 17 | | نبراس احمد ربيع محمد البو اسحق | نێر | 36 | سەربەخۆ | 996 |
| 18 | | منى محمد خلف سبيل الجبوري | مێ | 37 | تحالف العقد الوطني | 9959 |
| 19 | | حامد خلف محمود عبود الجبوري | نێر | 38 | تحالف العقد الوطني | 287 |
| 20 | | حادي احمد دخيل فرج الجبوري | نێر | 39 | تحالف تقدم الوطني /تقدم | 1681 |
| 21 | | وصفي عاصي حسين علي العبيدي | نێر | 40 | الجبهة العربية الموحدة | 11129 |
| 22 | | صلاح حسن سليم احمد الجبوري | نێر | 41 | الجماهير الوطنية | 882 |
| 23 | | عارف عبد صائل عبدالله الجبوري | نێر | 42 | سەربەخۆ | 831 |
| 24 | | فتوح حسين فدعوس محمد الجبوري | مێ | 43 | المنتج الوطني | 491 |
| 25 | | انعام خلف علي صالح الجبوري | مێ | 44 | سەربەخۆ | 441 |
| 26 | | خلدون محمد ابراهيم محمد الحمداني | نێر | 45 | سەربەخۆ | 1653 |
| 27 | | ايهاب سامي حسن محمد الجبوري | نێر | 46 | سەربەخۆ | 77 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 28 | | محمد علي محمد تميم | نێر | 47 | تحالف تقدم الوطني /تقدم | 24335 |
| 29 | | سامي محمد عبدالله محيميد الجبوري | نێر | 48 | الكتلة العراقية الحرة | 1174 |
| 30 | | سبعاوي حسين محمد عويد الجبوري | نێر | 49 | حزب المسار المدني | 13 |
| 31 | | علي ابراهيم مديد علي الجبوري | نێر | 50 | سەربەخۆ | 317 |
| 32 | | علاء محمود نجم عبدالله الجبوري | نێر | 51 | الجبهة العربية الموحدة | 28 |
| 33 | | حمد حادي خضر محمد الجبوري | نێر | 52 | سەربەخۆ | 21 |
| 34 | | احمد خليل ابراهيم خليل الحمداني | نێر | 53 | سەربەخۆ | 678 |
| 35 | | جاسم محمد حسين احمد المفرجي | نێر | 54 | سەربەخۆ | 1312 |
| 36 | | يمامه خلف يونس شلاش الجبوري | مێ | 55 | سەربەخۆ | 3815 |
| 37 | | ماهر حسن طامي خطاب الجبوري | نێر | 57 | سەربەخۆ | 1871 |
| 38 | | راكان سعيد علي رضوان الجبوري | نێر | 58 | التحالف العربي في كركوك | 14666 |
| 39 | | عبدالله خلف محمد غرب الجبوري | نێر | 59 | حزب التصحيح الوطني | 1524 |

# بەشی سێیەم
# هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمدا لە ساڵی 2023

## یەکەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق

### 1. مێژووی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق

بەپێی دەقە دەستوورییەکان، سیستەمی دەوڵەتی عێراق لە ڕووی سیاسی و کارگێڕییەوە سیستەمێکی لامەرکەزیە، هەر لەو پێناوەشدا دەرچواندنی یاسا و ڕێنماییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت خزمەت بەو بنەما دەستوورییە بکەن کە لامەرکەزییەتە، یەکێک لەو یاسا گرنگانەش یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان و پاشان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانە کە دەستەبەری لامەرکەزی بۆ ئەو پارێزگایانە دەکات کە لە چوارچێوەی هەرێمێکدا ڕێکنەخراون.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو پسپۆری و دەسەڵاتە فراوانانەی کە دەستوری کۆماری عێراق بە پارێزگاکانی داوە، هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو یاسایانەی تایبەتن بە گۆڕینی باری دەوڵەت لە دەوڵەتێکی سادەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی، لە نێویاندا یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانە.

ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوە لەلایەن خەڵکەوە، لەڕووی کارگێڕی و دارایی و یاساییەوە بەستراوەتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لەڕووی چاودێرییەوە دەکەوێتە ژێر چاودێریی پەرلەمانەوە.

دەسەڵاتی ئەنجومەن چاودێریکردنە لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکەداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەسنوری پارێزگاکەدا دەربچوێنێ، تا بتوانرێت سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگا بەپێی پرەنسیپی لامەرکەزی کارگێڕی بکات.

یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی لە عێراق لە ساڵی (2005) هاوتا لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕێوەچوو، کە لە بارودۆخێکی ئەمنی سەختدا ئەنجامدرا، ڕێژەیەکی بەرزی بایکۆتی هێز و گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی تێدا تۆمار کرا. لەکاتێکدا هەڵبژاردنی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ساڵی (2009) بەڕێوەچوو ڕێژەی بەشداری دەنگدەران لەو هەڵبژاردنەدا گەیشتە (51%) هەڵبژاردنەکەش تەنها لە (14) پارێزگاو بەبێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و کەرکوک بەڕێوەچوو. سەبارەت بە هەڵبژاردنی سێیەم و کۆتاجار بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بە بەشداری (50%)ی دەنگدەران لە ساڵی (2013) بەڕێوەچوو، ئەم هەڵبژاردنەش تەنها لە (12) پارێزگای عێراق ئەنجامدرا، جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی (کەرکوک، نەینەوا و ئەنبار)یش بە بیانوی گرژی سیاسی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری ئەمنی لەو کاتەدا هەڵبژاردنیان تێدا دواخرا.

دوای تێپەڕبوونی (10) ساڵ لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگان لە عێراق لە ساڵی (2023)، ئێستا بە ڕادەیەکی زۆر نەخشەی سیاسی و گۆڕانکاری گەورە بەسەر گۆڕەپانەکەدا هاتووە، هاوپەیمانی سیاسی نوێ دەرکەوتووەو هێزی سیاسی نوێ سەریان هەڵداوە، کە پێشتر بەشداری سیاسی و کاریگەری ئەوتۆیان نەبوو، چونکە بەدرێژای

(10)ساڵی رابردوو عێراق بە قەیرانێکی ئەمنی گەورەدا تێپەڕی بەتایبەت سەرهەڵدانی داعش و دەستگرتنی بەسەر بەشێکی زۆری خاکی عێراقدا لە مانگی (حوزەیرانی 2014)ە بەدواوە، کاریگەری گەورەی بەسەر دیمەنە سیاسییە گشتییەکەی عێراقدا هێناوە.

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ساڵی (2013) هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراق لە (7) پارێزگادا لە پێشەنگی ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا بوو، دواتر هاوپەیمانی هاوڵاتی بە سەرۆکایەتی عەمار حەکیم لە پلەی دووەم، پاشانیش هاوپەیمانی ئەحرار بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر پلەی سێیەمی هێنابوو.

دواین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی لە عێراقیش رۆژی (2023/12/18) بەڕێوەچوو، لە تەوەرێکی تایبەتدا لەسەری دەوەستین.

## 2. هەڵوێستەیەک لە بارەی دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق

لەئەنجامی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئۆکتۆبەری ساڵی (2019) کە خواستی سەرەکیان چاکسازی و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان بوو لە بەغدای پایتەخت و پارێزگاکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، لە وەڵامی داواکاری خۆپیشاندەران بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا بە هەڵپەساردنی کاری ئەنجومەنەکان نەک هەڵوەشاندنەوەیان، بەهۆی نادەستوریبوونی درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنیان دوای کۆتایی هاتنی خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگان.

هەر لەو بارەیەوە دادگای باڵای فیدراڵی ڕایگەیاند، هەڵپەساردنی کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەپێی دەستورە و بە مانای هەڵوەشاندنەوەی بوونی ئەو ئەنجومەنانە نییە وەک دەستەیەکی خۆجێیی دەستوری، لەوبارەیەوە دادگا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕاگرتنی بەردەوامی کارەکانی لەبەرچاوگرت لە بەیاننامەکەی دادگادا هاتووە: "بەردەوامی کاری ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان، جا چ ئەنجومەنی نوێنەران بن یان دەستە خۆجێییەکان دوای کۆتایی هاتنی خولی هەڵبژاردنەکانیان، پێشێلکردنی مافی خەڵک دەکەن بۆ دەنگدان، هەڵبژاردن، کاندیدکردن و پێشێلکردنی ئیرادەی دەنگدەر".

هەروەها لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە "ئەوەی لە بڕگەی (سێیەم – 1)ی یاسای ژمارە (27)ی ساڵی (2019)ی هەمواری دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکان ژمارە (12)ی ساڵی (2018)دا هاتووە بە مانای هەڵوەشاندنەوەی بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان وەک دەستەیەکی خۆجێیی دەستوری نایەت، بەڵکو وەستاندنی بەردەوامی کارکردنی ئەو ئەنجومەنانەیە لە تێپەڕاندنی ماوەی دیاریکراوی خۆیان، ئەمەش گەڕانەوەی ئیرادەی خەڵک دەستەبەر دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی".

### 3. ڕێخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق

"محەمەد شیاع سودانی" لەگەڵ وەرگرتنی متمانەی لە ئەنجومەنی نوێنەران، وەک سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە رۆژی 2022/10/27 لە چوارچێوەی تەوەری یاسایی بەرنامەی کاری حکومەتەکەی ئاماژەی بە چەند خاڵێک دابوو، لەوانەش؛ "هەمواری یاسای هەڵبژاردن لە ماوەی شەش مانگدا..." هاوکات لە کۆتا خاڵی ئەم تەوەرەدا هاتووە؛

"ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەهەمان کات و ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردنی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەپێی یاسای بەرکار کە ساڵێک تێپەڕ نەکات بەسەر بەرواری پێکهێنانی حکومەت".

بەدوایدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2023ی هەمواری سێیەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاکانی ژمارە (12)ی ساڵی 2018ی لە (2023/3/26) پەسەند کرد. لە (مادەی (5) بڕگەی یەکەم خاڵی/ ا )دا هاتووە "بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمسیۆن لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە کاتێک دیاری بکات بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە (2023/12/20) تێنەپەڕێت".

کاتێکیش حکومەتی عێراق لە (2023/3/17) ڕایگەیاند کە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (2023 – 2024 – 2025)ی ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق کردووە، لە پرۆژە یاساکەدا حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی خەرجی حاکیمەدا جێگەی خەرجی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کردبوویەوە.

لە (2023/5/5) وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژارنەکانی عێراق ڕیگەیاند؛ "ڕێوشوێنی هونەری پێویستیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دەستپێکردووە".

کاتێکیش لە (2023/6/12) پرۆژە یاسای بودجەی عێراق لە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندکراو ڕەوانەی سەرۆکایەتی کۆمارکرا، سەرۆک کۆماریش لە (2023/6/20) موسادەقەی لەسەر پرۆژەکە کرد. وەک چۆن لە پرۆژەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتبوو بڕی (43 ملیار و

769 ملیۆن و 149 هەزار) دینار بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق تەرخانکراوە.

هاوکات هەر لە هەمان رۆژی (2023/6/20)دا نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە راگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "ئەنجومەنی وەزیران ڕۆژی (18ی کانونی یەکەمی 2023)ی وەک وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان دیاریکردوە". ئاماژەی بەوەش کردووە، بڕیارەکە وەک پابەندبونە بەو بەرنامە وەزارییەی کە حکومەت پەسەندی کردوە و لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردوش لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە.

ئەمە لەکاتێکدا عێراق لەدوای ساڵی (2003)ەوە هەنگاو بەرەو چوارەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان نا، کە؛

یەکەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە 30ی کانونی دووەمی 2005 بەڕێوەچووە.

دووەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە 31ی کانونی دووەمی 2009 بەڕێوەچووە.

سێیەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە 20ی نیسانی 2013 بەڕێوەچووە.

چوارەم: رۆژی (18ی کانونی یەکەمی 2023) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە (15) پارێزگای عێراق بە کەرکوکیشەوە بەڕێوەچوو.

بەڵام لە هەرێمی کوردستان تەنها دوو خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕێوەچووەو دیارنیە خولی سێیەم چۆن و کەی بەڕێوەدەچێت، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی یاسا لە (24ی 6ی 2018)ەوە

کۆتایی بە ماوەی یاسایی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هاتووە، بەپێی یاسا دوای کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی، ئەنجومەنەکان دەتوانن (90) ڕۆژی تر لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن، ئەو ماوەیەش لە (24ی 9ی 2018) کۆتاییهات. واتە لە ئێستادا نزیک دەبینەوە لە (5) ساڵ بەسەر وادەی بەسەرچوونی یاسایی کارکردنی ئەو ئەنجومەنانە وهیچ لایەنێکی پەیوەندیدار باس لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ناکەن و هیچ هەوڵێکیش نیە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

### 4. بایەخی ئەنجومەنی پارێزگاکان

ئەنجومەنی پارێزگاکان زۆر ئەرک ئەنجام دەدەن، لەوانە چاودێریکردنی کارەکانی پارێزگار و فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتیە حکومییەکان لە پارێزگاکەدا، بۆیە نەبوونی ئەوان دەبێتە هۆی نەبوونی رەگەزێکی جەوهەری لە چاودێریکردنی ئەدای پارێزگار و دۆخی ئیداری و تەکنیکی و دارایی ... نەبوونی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق لە ماوەی (2019 – 2023) بووە بە هۆی نەبوونی سەقامگیری ئیداری لە هەندێک بواردا لە پارێزگاکاندا، جگە لە گۆڕانکاری زۆری پارێزگارەکان لە هەندێک لەو پارێزگایانە لە ئەنجامی ئیقالەکردن و دەستلەکارکێشانەوە و بەخشین لە پلە و پۆستەکانیان، لەکاتێکدا لە کاتی بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان دۆخی ئیداری سەقامگیرتر بووە، پارێزگارەکان توانیویانە خولی کاری خۆیان تەواو بکەن کە (4) ساڵە، ئەمەش رۆڵ و گرنگی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ دامەزراوەکان نیشان دەدات. خشتەی ژمارە (1) ئەو گۆڕانکاریانە نیشان دەدات کە لە هەندێک پارێزگا دوای بڕیاری هەڵپەساردنی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پۆستی پارێزگار ڕوویانداوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

**ژمارەی ئەو گۆڕانکاریانەی لە (5) پارێزگای عێراق دوای بڕیاری هەڵپەساردنی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕوویانداوە**

| پارێزگا | ژمارەی پارێزگاری لەکارلادراو و دانانی پارێزگاری سەربەخۆ لە شوێنەکانیان |
|---|---|
| نەجەف | 2 |
| زیقار | 5 |
| دیوانیە | 2 |
| سەلاحەدین | 2 |
| بابل | 4 |

سەربارى ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان نوێنەرایەتی پێویستییەکی دەستووری و کردەیی دەکەن، بەو پێیەی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ساڵی 2005 لامەرکەزی ئیداریی تەبەنی کردووە، بە ئاشکرا و بە دەقی ڕاشکاو بۆ بەرجەستەکردنی لامەرکەزی ئیداری، ئاماژەی بە دروستکردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کردووە، وەک بنکەی نوێنەرایەتی خەڵکی پارێزگاکان و پیادەکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ ئەو مەبەستە.

### 5. دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان

ئەنجومەنی پارێزگاکان مومارەسەی کاری یاسادانان و چاودێریکردن دەکەن، لە مادەی (2)ی یاسای پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا ژمارە (21)ی ساڵی (2008)دا هاتووە کە ئەنجومەنی پارێزگاکان "دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنی هەیە لە پارێزگاکەدا و مافی

ئەوەی هەیە کە یاسای خۆجێی دەربکات بۆ ئەوەی بتوانێت کاروباری خۆی بەپێی بنەمای لامەرکەزی کارگێڕی بەڕێوەببات، بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ دەستوور و یاسا فیدراڵیەکان کە دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەسەڵاتە فیدراڵیەکانەوە" ئەو دەقەی سەرەوە دەسەڵاتی فراوانی بە ئەنجومەنی پارێزگاکان لە سنووری کارگێڕی پارێزگاکاندا داوە، بە تایبەت ڕۆڵی یاسادانان، نەک تەنها ڕۆڵی چاودێری.

وەک لە مادەکەی سەرەوەدا هاتووە کە هیچ ناکۆکییەک لەگەڵ پسپۆڕی و دەسەڵاتە فیدراڵیەکاندا نەبێت، بۆ نمونە مەبەست لەو ناکۆکییە ئەوەیە لە بواری پەیوەندییەکانی دەرەوە، ئەنجومەنی پارێزگاکان مافی ئەوەیان نییە ڕێککەوتن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدەن، هەروەها مافی ئەوەیان نییە نێردەی دیپلۆماسی بنێرن و بە جیا لە دەوڵەت.

هەروەها لە مادەی (7)ی یاسای پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمدا ژمارە (21)ی ساڵی (2008)، دەسەڵات و ئەرکەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی خستووەتەڕوو، لەوانە هەڵبژاردن و دوورخستنەوەی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و پارێزگار و جێگرەکانی، دەرکردنی یاسا و ڕێسا و ڕێنمایی خۆجێی بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی، بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی بەپێی بنەمای لامەرکەزی کارگێڕی بەمەرجێ دژ بە دەستورو یاسا ئیتحادییەکان نەبێت، هەروەها یاسا ئەرکی داڕشتنی سیاسەتی گشتی پارێزگا و دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی لە هەموو بوارەکاندا پێدەدات، بە هەماهەنگی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە ئەگەری ناکۆکی، ئەولەویەت دەدرێت بە بڕیارەکەی ئەنجومەنی

پارێزگا، ئامادەکردنی بودجەی ئەنجومەن و پەسەندکردنی بودجەی پارێزگا، جگە لە چاودێریکردنی هەموو چالاکییەکانی وەزارەتەکانی دەوڵەت لە پارێزگادا بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامدانی کارەکانیان بەشێوەیەکی دروست.

### 6. هەمواری یاسای هەڵبژاردن

لە دانیشتی ژمارە شانزەی رۆژی (2023/3/27) ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەئامادەیی (288) ئەندامی سەر بە لایەن و پارت و هێزە جیاواز و تەنانەت سەربەخۆ و نوێنەرانی جوڵانەوە نارازییەکانی عێراق، کە بەشێکیان پێیان وابوو هەمواری یاسای هەڵبژاردن خزمەت بە هێزە سیاسییە کلاسیک و تەقلیدییەکان دەکات. بەڵام هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکان ژمارە (12)ی ساڵی (2018) بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

بەپێی هەمواری نوێی یاساکە، هەر پارێزگاکایەکی عێراق بازنەیەکی هەڵبژاردن دەبێت، لە بری ئەوەی هەر پارێزگایەک بۆ چەند بازنەیەک دابەشبکرێت، وەک ئەوەی لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (2021/10/10) پەیڕەوی لێکرا، کە تێیدا (18) پارێزگاکەی عێراق دابەشی سەر (83) بازنەی هەڵبژاردن کرابوو.

ئەم هەموارکردنە نوێیەی یاساکەش گەڕانەوە بوو بۆ ئەو یاساییەی کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی (2018/5/12)ی پێ بەڕێوەچوو.

لە (20ی حوزەیرانی 2023) ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق (18ی کانونی یەکەمی 2023)ی وەکو وادەی ئەنجامدانی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دەستنیشانکرد، وەک پابەندبوون بەو

بەرنامە وزارییەی حکومەتی عێراق پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کردبوو، کە دوای تێپەڕینی (10) ساڵ بەسەر دواین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە کۆتایی مانگی نیسانی (2013) بەڕێوەچوبوو.

ئەم خولەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کۆی (18) پارێزگا تەنها (15) پارێزگاکەی عێراقی گرێتەوەو لە سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) هەڵبژاردن بەڕێوە نەچوو. سەربارى ئەوەی دادگای باڵای ئیتحادی بڕیاری دا بە نادەستوری بوونی ماددەی (2) لە یاسای ژمارە (2)ی ساڵی (2019) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی (2009)، پەیوەست بە درێژکردنەوەی تەمەنی کاری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە پێچەوانەی حوکمی مادەکانی (2/یەکەم/ب و ج) و (6)ی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی (2005)ە، بەپێی بڕیاری ژمارە (124/ئیتحادی/2023) لە (2023/9/24) ئەم فەرمانە دەرچووە.

هەر بەپێی یاساکە سەرجەم (15) پارێزگاکە (275) کورسی بۆ تەرخان کراوە، جگە لە (10) کورسی بۆ پێکهاتەکان بەجۆرێک؛ (4) کورسی بۆ مەسیحییەکان، (2) کورسی بۆ کوردانی فەیلی، (2) بۆ سابیئەی مەندائی، بۆ هەر یەکێک لە پێکهاتەکانی ئێزیدی و شەبەک (1) کورسی.

هەر وەک لە مادەی (12)ی یاساکەدا هاتووە هەموو پارێزگایەک یەک بازنەی هەڵبژاردن دەبێت. بۆ داباشکردنی کورسیش بەسەر براوەکانی هەڵبژاردن پشت بە سیستمی (سانتلیگۆ) دەبەسترێت، وەک لە مادەی (7)ی بڕگەی یەکەمدا هاتووە؛ دەنگی ڕاستەقینەی هەر لیستێک لە بازنەیەکی هەڵبژاردن ڕێکدەخرێن دابەشی ژمارەکانی (1.7، 3، 5، 7،

9... هتد) دەکرێن تا دەگات بە دواین ژمارەی کورسی تەرخان کراوی هەر پارێزگایەکەک. لێرەدا بە خشتەیەکی گریمانەیی ئەوە ڕوندەکەینەوە کە ئەگەر (7) لیستی سیاسی لە پارێزگای کەرکوک لە سەر (16) کورسی ئەنجومەنی پارێزگاکە رکاربەری بکەن و دەنگەکانیان بەشێوەیەکی گریمانەیی بەو شێوەیە بێت کە لە خشتەکەدا هاتووە، ئەوا؛

لیستی یەکەم؛ (6) کورسی دەباتەوە.

لیستی دووەم؛ (3) کورسی دەباتەوە.

لیستی سێیەم؛ (4) کورسی دەباتەوە.

لیستی چوارەم؛ (1) کورسی دەباتەوە.

لیستی پێنجەم؛ (2) کورسی دەباتەوە.

لیستی شەشەم و حەوتەم؛ هیچ کورسییەک بەدەست ناهێنن.

خشتەی (2)

پەیڕەوکردنی سیستمی سانتلیگۆ بۆ ئەنجومەنی پارێزگایەک (16) کورسی بۆ تەرخانکرابێت

| لیستەکان | کۆی دەنگ | 1.7 | 3 | 5 | 7 | 9 | 11 | 13 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لیستی 1 | 100,000 | 58,824 | 33,333 | 20,000 | 14,286 | 11,111 | 9,091 | 7,692 |
| لیستی 2 | 60,000 | 35,294 | 20,000 | 12,000 | 8,571 | 6,667 | 5,455 | 4,615 |
| لیستی 3 | 80,000 | 47,059 | 26,667 | 16,000 | 11,429 | 8,889 | 7,273 | 6,154 |
| لیستی 4 | 25,000 | 14,706 | 8,333 | 5,000 | 3,571 | 2,778 | 2,273 | 1,923 |
| لیستی 5 | 40,000 | 23,529 | 13,333 | 8,000 | 5,714 | 4,444 | 3,636 | 3,077 |
| لیستی 6 | 9,000 | 5,294 | 3,000 | 1,800 | 1,286 | 1,000 | 818 | 692 |
| لیستی 7 | 3,000 | 1,765 | 1,000 | 600 | 429 | 333 | 273 | 231 |


## 7. کێبڕکێی هەڵبژاردن

بەپێی گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق (جومانە غەلای) لە (2023/10/29) رایگەیاند؛ (16 ملیۆن و 158 هەزار و 788) دەنگدەر مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق هەیە؛ (15 ملیۆن و 108 هەزار و 135) کەسیان لە دەنگدانی گشتی دەبن و بەسەر (7 هەزار و 166) بنکەی دەنگدان و (35 هەزار و 553) وێستگەی دەنگدان دابەشکراون؛ هەروەها (ملیۆنێک و 2 هەزار و 393) دەنگدەریش لە دەنگدانی تایبەت دەتوانن دەنگبدەن کە

بەسەر (565) بنکەی دەنگدان و (2 هەزار و 367) وێستگەی دەنگدان دابەشکراون.

هەروەها ژمارەی ئەو ئاوارانەشی تۆمارکراون و دەتوانن دەنگبدەن (48 هەزار و 260) کەسە و کۆمیسیۆن (35) بنکە و (120) وێستگەی دەنگدانیان بۆ دەکاتەوە.

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە (18ی کانونی یەکەمی 2023) (6 هەزار و 414) کاندید کێبڕکێیان کرد، لەو ژمارەیەش تەنها (66) کاندید بەشێوەیەکی سەربەخۆ وەک کاندیدی تاک کاندید کراون، ئەوانی دیکەش لەناو حزب و هاوپەیمانی سیاسیدان. بۆ ئەو هەڵبژاردنە (39) هاوپەیمانی سیاسی و (29) پارتی سیاسی کێبڕکێیان لەسەر (275) کورسی لە (15) پارێزگا عێراق کرد، جگە لە (10) کورسی بۆ پێکهاتەکان بە جۆرێک؛ (4) کورسی بۆ مەسیحییەکان، (2) کورسی بۆ کوردە فەیلیەکان، (2) کورسی پێکهاتەی سابیئەی مەندائی، و (1) کورسی بۆ هەریەک لە ئێزیدی و شەبەکەکان. ئەو کورسیانەی کە کێبڕکێیان لەسەر دەکرا لەلایەن هاوپەیمانی و حزب و کاندیدەکانەوە دابەشبوون بەسەر پارێزگان، وەک لە چارتی ژمارە (1) و خشتەی ژمارە (3) رونکراوەتەوە.




**چارتی ژمارە (1)**
**ژمارەی کورسی تەرخانکراو**
**بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق**

**خشتەی (3)**

| پارێزگا | کۆی ژمارەی کوردسی | کورسی کۆتای ئافرەتان |
|---|---|---|
| ئەنبار | 16 | 4 |
| واست | 14 | 4 |
| نەینەوا | 26 | 7 |
| نەجەف | 15 | 4 |
| میسان | 13 | 4 |
| موسەنا | 12 | 3 |
| کەرکوک | 15 | 4 |
| کەربەلا | 13 | 4 |
| سەڵاحەدین | 15 | 4 |
| زیقار | 18 | 5 |
| دیوانیە | 14 | 4 |
| دیالە | 15 | 4 |
| بەغداد | 49 | 13 |
| بەسرە | 22 | 6 |
| بابل | 18 | 5 |
| **کۆ** | **275** | **75** |

زۆرترین ژمارەی کورسی بۆ پارێزگای بەغدا تەرخان کراوە بەرێژەی (22%) کۆی کورسییەکان کە ژمارەکەی (62) کورسییە، لە دوای ئەویش پارێزگای نەینەوا دێت بە (33) کورسی و نزیکەی (12%)ی کورسییەکان، پاشان بەسرە بە (28) کورسی و بە نزیکەی (10%)ی کورسییەکان، دابەشکردنی ژمارەی کورسییەکان لە هەر پارێزگایەکدا لەسەر بنەمای ئەو میکانزمەیە کە هەر پارێزگاکەک ئەنجومەنەکەی لە (12) ئەندام پێکدێت، ئەگەر ژمارە دانیشتوانەکەی لە (ملیۆنێک) زیاتر بوو ئەوا بۆ هەر (200 هەزار) کەسێک لە سەروی ئەو ژمارەیەوە کورسییەکی بۆ زیاد دەرکرێت.

## دووەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە ساڵی 2023

### 1. پارێزگای کەرکوک لە چوارچێوەی یاسای هەڵبژاردندا

ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، لە کۆتایی (2019)دا بەپێی هەمواری دوەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەلایەن پەرلەمانەوە کۆتایی بە کارەکانیان هێنرا، وەک بەشێک لە وەڵامدانەوەی داواکاری خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئەوکاتی بەغدا و چەند پارێزگایەکی دیکە. لەو کات بەدواوە بەردەوام هەوڵ هەبووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق.

دواجار پەرلەمانی عێراق لە (27ی ئازاری 2023) بە زۆرینەی دەنگ هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان و قەزاکانی پەسەند کرد، بەپێی ئەو هەموارە، تەنیا یاسایەک بۆ هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراق بەرکاردەبێت، ئەویش یاسای ژمارە (12)ی ساڵی (2018)ی هەموارکراو دەبێت.

هەموارەکە چەندین گۆڕانکاری لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا کردووە، بە تایبەت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا کە (10) ساڵ بوو لە عێراق ئەنجام نەدرابوو، لە پارێزگای کەرکوکیش (18) ساڵ بوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا بەڕێوەنەچووە، بەشێکی گۆڕانکارییەکان لە نێو یاساکە پەیوەستن بە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، تۆماری دەنگدان و دەنگدانی ئاوارە لە کەرکوک.

**ئەوەی تایبەتە بە پارێزگای کەرکوک لە چوارچێوەی هەمواری یاسای هەڵبژاردن، ماددەی (35)ی یاسای ژمارە (12)ی ساڵی (2018) هەڵوەشێنراوەتەوەو چەند بڕگەیەکی یاسایی جێگەی گرتووەتەوە.**

**لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (13)ی هەموارەکەدا هاتووە؛ "کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە هەماهەنگی وەزارەتەکانی (ناوخۆ، تەندروستی، داد، بازرگانی و پلاندانان) لەگەڵ نوێنەرانی هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی پارێزگای کەرکوک لە پەرلەمان وردبینی بۆ تۆماری دەنگدەرانی پارێزگاکە دەکات لەسەر چەند بنەمایەک".**

**بەپێی بنەمای یەکەمی وردبینییەکە؛ ئەو هاوڵاتیانەی لەچوارچێوەی سەرژمێری ساڵی (1957) تۆمارکراون، جگە لە هاوڵاتیانی ناحیەکانی (زاب و سەرگەڕان)، ناویان لەتۆماری هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک دەبێت، کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پارێزگاکان پشتی پێدەبەسترێت.**

**لە بنەمای دوەمدا هاتووە؛ ئەو هاوڵاتییانەی راگوێزرابون و گەڕاونەتەوە و رێکارەکانی لیژنەی تایبەت بە ماددەی (140)ی دەستوریان تێپەڕاندووە یان رێکارەکانی ئەو لیژنەیە تێدەپەڕێنن، ئەوا ناویان لە تۆماری دەنگداندا دەبێت.**

**هەروەها بنەمای سێیەمی وردبینی تۆماری دەنگدەران باس لەوە دەکات؛ هاوڵاتیانی نیشتەجێیی پارێزگای کەرکوک کە لەڕێی کۆبۆنی خۆراک پێش ساڵی (2003)ەوە دەتوانن نیشتەجێبونیان لە سنورەکەدا بسەلمێنن، مافی دەنگدانیان دەبێت.**

بڕگەی دووەمی ماددەی (13)ی پەیوەست بە کەرکوک لە هەموارەکەدا هاتووە؛ "ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نابنە بنەمای یاسایی و ئیداری پەیوەست بە دیاریکردنی داهاتووی کەرکوک".

تەواوی پارێزگای کەرکوک، ناوچەیەکی جێناکۆکە لە نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستان، یەکلاییکردنەوەی چارەنوسیشی لە چوارچێوەی ماددەی (140)ی دەستوردایە لەرێی سێ قۆناغی ئاساییکردنەوە، سەرژمێری و راپرسی.

لە بڕگەیەکی دیکەی یاسای هەڵبژاردندا هاتووە کە حوکمەکانی ماددەی (13)ی تایبەت بە کەرکوک تەنیا بۆ یەک خولی هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکانە.

بەپێی بڕگەی چوارەم و کۆتایی ئەو ماددەیە؛ "دەسەڵات بەپێی نوێنەرایەتیکردنێکی دادپەروەرانە دابەشدەکرێت. کە زامنی بەشداریکردنی پێکهاتەکانی پارێزگاکە بکات بەدەر لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان".

ئەوەش لە کاتێکدایە پێشتر لە ماددەی (35)ی هەموارکراوی یاساکەدا کە ئێستا هەڵوەشێنراوەتەوە، دەبوو ئەنجومەنی پارێزگا رێکارێک دابنێت بۆ دابەشکردنی پۆستە باڵاکانی کەرکوک، بەدەر لە پۆستە فیدراڵییەکان، بە رەچاوکردنی پشکی نەتەوەکان.

پارێزگای کەرکوک، لە دوای ساڵی (2003)ەوە لەسەر بنەمای پرۆژەیەکی جەلال تاڵەبانی، سکرتێری ئەوکاتی یەکێتی نیشمانی پۆستەکانی لەسەدا (32%) بۆ هەریەک لە پێکهاتەکانی کورد،

عەرەب و تورکمان دیاریکرا، لەگەڵ سەدا چوار بۆ کریستیان، بەڵام چەندساڵێکە ناکۆکی لەسەر ئەو بنەمایەش هەیە.

هەروەها هەمواری سێیەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، زنجیرەیەک گۆڕانکاری دەربارەی دەنگدانی ئاوارە ناوخۆییەکانی ناو کەمپ و دەرەوەی جێگیرکردووە، لە ماددەی (3)دا هاتووە؛ "ئاوارە ئەو عێراقییەیە کە لە دوای (9 ی کانونی یەکەمی 2013) لە شوێنی هەمیشەیی خۆیەوە بۆ شوێنێکی دیکەی ناو وڵات ئاوارە بووە".

بەپێی ماددەی (16)ی هەموارەکە، ماددەی (47)ی یاسای ژمارە (12)ی (2018) هەڵدەوەشێنرێتەوە و چەند بڕگەیەکی دیکە جێگەی دەگرێتەوە، لە بڕگەیەکیاندا هاتووە کە؛ "تۆماری دەنگدەرانی ئاوارە پشت بە دوایین ئاماری رەسمی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دەبەستێت و ئاوارەی ناو کەمپ، مافی ئەوەی هەیە لە کەمپەکەوە دەنگ بۆ دائیرەی هەڵبژاردنی زێدی خۆی بدات".

لە هەمواری سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا؛ "کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا زیاتر لە نیوەی نامێنێت بەراورد بە پێشتر، بەڵام ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان و دابەشکارییان بەپێی پارێزگاکان، وەک خۆی دەمێنێتەوە.

بەپێی بڕگەی دوەم لە ماددەی (9)ی هەموارە نوێیەکە؛ "ئەنجومەنی پارێزگا لە 12 کورسی پێکدێت، بۆ هەر 200 هەزار کەسێک کورسییەکی دیکە زیاد دەکرێت کاتێک ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە ملیۆنێک

کەس تێپەڕێت، ئەوەش پاڵپشت بە ئاماری وەزارەتی پلاندانان بۆ ساڵی 2019".

لەو دابەشکارییەدا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەبێتە (16) کورسی، کە کورسییەکی بۆ کۆتای کریستیانە، ئەوەش بەپێی ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە زیاتر لە (ملیۆنێک و 600 هەزار) کەس، لەکاتێکدا لە هەڵبژاردنی (2005) ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە (41) کورسی پێکهاتبوو.

بەپێی ماددەی (19)ی هەموارەکە هیچ پەرلەمانتار یان ئەندامێکی ئەنجومەن یان حزب یاخود کوتلەی براوەی هەڵبژاردن ناتوانێت بگوازێتەوە بۆ هاوپەیمانی یان حزب یاخود کوتلەی دیکە تا دوای پێکهێنانی حکومەت یان هەڵبژاردنی پارێزگار و جێگرەکانی.

هەر پارێزگایەک یەک بازنەی هەڵبژاردن دەبێت، بەپێی ماددەی (12) لە یاسا هەموارەکە، کە لە هەڵبژاردنی رابردوی پەرلەماندا هەر پارێزگایەک کرابوو بە چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن.

بەپێی ماددەی (7)ی هەموارەکە لەمەودوا یەکلاکردنەوەی کورسییەکانی هەڵبژاردن و دابەشکاری دەنگەکان بەپێی سیستەمی سانتلیگۆ (1.7 – 3 – 5 – 7 – 9 .....هتد) دەبێت.

## 2. هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کەرکوک و ناوچەجێناکۆکەکان 2023/12/18

رۆژی (2023/12/18) لە هەریەک لە پارێزگاکانی سنوری ناوچە جێناکۆکەکان؛ (کەرکوک، نەینەوا، دیالە و سەڵاحەدین) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هاوشێوەی تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراق _جگە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان_ بەڕێوەچوو.

لایەنە کوردییەکان بە پەرتەوازەیی بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقیان کرد، لەسەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکە (4 ملیۆن و 387 هەزار و 282) کەس مافی دەنگدانیان بوو، کە (281 هەزار و 853) کەسیان لە چوارچێوەی دەنگدانی تایبەت و (4 ملیۆن و 105 هەزار و 429) کەسیان لە چوارچێوەی دەنگدانی گشتیدا ئەو مافەیان بەدەستهێنابوو.

لەسەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکە (71) کورسی گشتی تەرخان کرا بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، بە جۆرێک؛ لە پارێزگای کەرکوک (15) کورسی، پارێزگای نەینەوا (26) کورسی، پارێزگای دیالە (15) کوردسی و پارێزگای سەڵاحەدین (15) کورسیان بۆ تەرخان کرا.

لایەنە کوردییەکانیش بە شێوەیەکی فەرمی و چەند لیست و هاوپەیمانێتی جیاواز (227) کاندیدیان خستە نێو کێبڕکێی هەڵبژاردنەکەوە، بە جۆرێک لە پارێزگای  لە پارێزگای کەرکوک (74) کاندید، پارێزگای نەینەوا نزیکەی (100) کاندید، پارێزگای دیالە (50) کاندید و پارێزگای سەڵاحەدین (3) کاندیدیان هەبوو.

بەپێی ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردنەکە، لەسەر ئاستی هەریەک لە پارێزگاکانی سنوری ناوچە جێناکۆکەکان؛ (کەرکوک، نەینەوا، دیالە و

سەلاحەدین) لە کۆی (4 ملیۆن و 387 هەزار و 282) کەس (2 ملیۆن و 332 هەزار و 264) کە بە ڕێژەی (53.16%) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردووەو بە دروستی دەنگیان داوە. بە جۆرێک؛

لە پارێزگای کەرکوک لە کۆی (870 هەزار و 920) کەس (559 هەزار و 221) کەس بە ڕێژەی (64.21%) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردووەو بە دروستی دەنگیان داوە.

لە پارێزگای نەینەوا لە کۆی (ملیۆنێک و 795 هەزار و 292) کەس (907 هەزار و 293) کەس بە ڕێژەی (50.54%) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردووەو بە دروستی دەنگیان داوە.

لە پارێزگای دیالە لە کۆی (950 هەزار و 114) کەس (442 هەزار و 244) کەس بە ڕێژەی (46.55%) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردووەو بە دروستی دەنگیان داوە.

لە پارێزگای سەلاحەدین لە کۆی (770 هەزار و 956) کەس (423 هەزار و 706) کەس بە ڕێژەی (54.96%) بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردووەو بە دروستی دەنگیان داوە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (1 و 2) و چارتەکانی (1 بۆ 6).

خشتەی ژمارە (1)

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ناوچەجێناکۆکەکان

ژمارەی دەنگدەر و کاندیدە کوردەکان

| ناوچە جێناکۆکەکان | ژمارەی دەنگدەر | | | کورسی | ژمارەی کاندیدە کوردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| | تایبەت | گشتی | کۆ | | |
| کەرکوک | 57,330 | 813,590 | 870,920 | 15 | 74 |
| نەینەوا | 99,726 | 1,695,566 | 1,795,292 | 26 | 100 |
| دیالە | 57,404 | 892,710 | 950,114 | 15 | 50 |
| سەلاحەدین | 67,393 | 703,563 | 770,956 | 15 | 3 |
| **کۆ** | **281,853** | **4,105,429** | **4,387,282** | **71** | **227** |


خشتەی ژمارە (2)

ژمارەو رێژەی بەشداری دەنگدەران

هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ناوچەجێناکۆکەکان

| ناوچە جێناکۆکەکان | کۆی ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی بەشداری بەپێی دەنگە دروستەکان | رێژەی بەشداری |
|---|---|---|---|
| کەرکوک | 870,920 | 559,221 | 64.21% |
| نەینەوا | 1,795,292 | 907,293 | 50.54% |
| دیالە | 950,114 | 442,244 | 46.55% |
| سەلاحەدین | 770,956 | 423,706 | 54.96% |
| **کۆ** | **4,387,282** | **2,332,464** | **53.16%** |

## چارتی ژمارە (1)



## چارتی ژمارە (2)




**چارتی ژمارە (3)**



**چارتی ژمارە (4)**



**چارتی ژمارە (5)**



